گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هێما نازمانییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا

**داستان صابر مامه**

بەشی زمانی کوری، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

Dastan_sabr1988@yahoo.com

**پ.د. عەبدوللا حوسێن ڕەسول**

بەشی زمانی کوری، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق.

abdulla.raswl@su.edu.krd

## زانیارییەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/٦/٤

پەسەندکردن: ٢٠٢١/٧/١

بڵاو کردنەوە: پاییزی ٢٠٢١

**ووشە سەرەکییەکان:**

*Communication, non-linguistic signs, tone, body language, para linguistic.*

Doi:
10.25212/lfu.qzj.6.4.03

## پوختە

زمانی مرۆڤ بریتییە لە پێرەوێکی هێمایی. هێما نازمانییەکانیش وەك یەکێك لە دیارترین کەرەسەکانی زانستی هێماسازیی، بایەخ بە بونیادە پێکهێنەرەکانی تەواوی ئەو نیشانانە دەدات، کە بناغەی پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان دروستدەکەن، لەم توێژینەوەدا باس لە هێما و ئاماژە نازمانییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا کراوە، بە جۆرێك پانتاییەکی فراوانیان داگیرکردووە بە ڕێژەی 93%تاك لە پرۆسەکەدا بەکاریدەهێنێت. پەیوەندیکردن لە ڕێگای هێما نازمانییەکانەوە بە یەکێك لە کۆنترین ڕێگاکانی پەیوەندیکردن دادەنرێت، بە بەڵگەی ئەوەی منداڵ کاتێ لە دایکدەبێت لە ڕێگەی (گریان)ەوە، کە هێمایەکی نازمانییە گوزارشت لە پێویستییەکانی خۆی دەکات، هەر چەندە هێما زمانییەکان کاریگەری گەورەیان دروستکردووە لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا، واتە؛ لە ڕێگای ئەم هێمایانەوە تاك تواناى پەیوەندیکردنی بە دەوروبەرییەوە کارا دەبێت، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هێما نازمانییەکان بە تەواوکەری ئەم پەیوەندیە دادەنرێن. ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش لە بەشی یەکەمدا باس لە پرۆسەی پەیوەندیکردن و بنەماکانی پەیوەندیکردن، هەروەها هێما نازمانییەکان لە پرۆسەکەدا و مەبەست لە بەکارهێنانی هێما نازمانییەکان کراوە. بەشی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ جۆرەکانی هێمای نازمانیی، کە چەند بابەتێك لە خۆی دەگرێت وەکو: پارازمانیی وەك لقێکی زمان لە پەیوەندیی نازمانیدا، ئاوازەی دەنگ، بێدەنگی و وەستان، هێمای جوڵەیی (زمانی جەستە)، دوور و نزیکی ئاخێوەران، هەروەها وێنە وەك جۆرێك لە هێمای نازمانی لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا. پاشان ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لە کۆتایشدا لیستی ئەو سەرچاوانە خراونەتە ڕووو، کە سوودیان لێوەرگیراوە.

## پێشەکی

1- ناونیشانی توێژینەوەکە:- ئەم توێژینەوەیە لە ژێر ناونیشانی (هێما نازمانییەکان لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا)یە (تۆێژینەوەیەکی سیمانتیکیە).
2- هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:- بە گشتی لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا هێما نازمانییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن، ئەم بابەتە واتە؛ هێما نازمانییەکان لە زمانەکانی تر پتر بایەخی پێدراوە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئاوڕی پێویستی لێنەدراوەتەوە. پێویستی بە گەڵاڵە کردنی زۆرتر هەیە، لە سۆنگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، بە پێویست زانرا ئاوڕێکی وردتر لە مەڕ ئەم بابەتە بخرێتە ڕوو، چونکە بە گشتی هەموو بابەتەکانی زمان و لێکۆڵینەوە لێیان کارێکی گرنگن بە تایبەتی ئەگەر بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە ئاڵۆزەکانی زمان بێت.
3- ڕێبازی توێژینەوەکە:- لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە بۆ خستنە ڕووی ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی توێژینەوەکە.
4- کەرەسەی توێژینەوەکە:- کەرەسەی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی دیالێکتی ناوەڕاستی زمانی کوردیدایە. نموونەکانیش بریتین لە هەموو ئەو هێما و ئاماژە نازمانییانەی، کە لە کاتی ئاخاوتن و بەبێ ئاخاوتنیش لە ژیانی ڕۆژانەدا لە پڕۆسەی پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ چەندین وێنە لەو شوێنانەی، کە پێویست کراوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.
5- سنووری توێژینەوەکە: - سنووری کارەکە لە ئاستی سیمانتیك وزمانەوانی کۆمەڵایەتیدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەلدەهاوێژێت بۆ زمانەوانی کارەکی، چونکە شیکردنەوەی بەکارهێنانی هێما نازمانییەکانە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# 1- هێما نازمانییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

## 1-1 پرۆسەی پەیوەندیکردن:

چەمك و زاراوەی پەیوەندیکردن (communication)، واتای زۆر و فراوان لەخۆ دەگرێت، لە زۆربەی بوار و مەوداکانی ژیان بەکاردەهێنرێت. زمان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا هەردوو جۆری زمانی گوتەیی و ناگوتەیی دەگرێتەوە، بە جۆرێك هەموو ئەو دەنگ و هێما و ئاماژە نازمانییانەی لە پەیوەندیکردندا بەکاردەهێنرێن بە کەرەسەی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا دادەنرێن. بە مەرجێك هەڵگری واتابن، کەواتە؛ ((پەیوەندیکردن سەرچاوەی هەموو ئەرکەکانی تری زمانە، ئەگەر بێ و لە ئەرکە جیاجیاکانی زمان وردبینەوە دەبینین پەیوەندیکردن هاوبەشی هەموو ئەرکەکانی ترەو زمانیش ڕۆلی باڵای تێدا دەگێرێت)) (ئازاد رەمەزان، 2005: 63).

لەم ڕووانگەیەوە (کۆنتز) دەڵێت: ((پەیوەندیکردن بریتییە لە ناردن و گواستنەوەی زانیاری لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، لەگەڵ پێویستی تێگەیشتنی زانیاریەکان لەلایەن وەرگرەوە)) (محەممد صیرفی، 2006: 5). پەیوەندیکردن بەکارهینانی پێڕەوێکی هێمایی هاوبەشە. ئەم پێڕەوەش پەیوەستە بە بەکارهێنانی ئەم هێمایانە لەلایەن تاکەوە بە جۆرێك لەسەر بەکارهێنانی هێمای دیاریکراو ڕێککەوتوون و ڕاهاتوون لەسەری. هەروەها هەڵگری واتان بۆ شتە دیاریکراوەکان. بە واتایەکی تر پێویستە هێماکان هەڵگری واتای تایبەتی بن، کە لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەم واتایەیان پێدراوە. پەیوەندیکردن پەیوەستە بە ئاڵوگۆرکردنی واتا. تاکەکانی کۆمەڵ بە هۆی ئەو هێمایانە و بەرجەستەکردنی واتاکانیان، بیرۆکەکان ئاڵوگۆر دەکەن بە مەبەستی تێگەیشتن و کاریگەری خستنە سەر پەیوەندییەکان، مەرجی سەرەکیش لەم پرۆسەیە تێگەیشتنە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ. بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیەش ئەوەی پێویستە بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵ بە پێدانی زانیاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. ئەم پەیوەندیکردنەی لە نێوان تاکەکاندا ڕوودەدا بە لایەنی کەمەوە پێویستی بە دەستەبەرکردنی دو کەس هەیە کە یەکێکیان نێرەرە و ئەویتریان وەرگر.

ئاشکرایە پەیوەندیکردن لە ڕێگای هێمای زمانی و نازمانییەوە دەبێت هێما زمانییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا (لە ڕێگای گوتن و بیستنی دەنگە گوتراوەکان و لە ڕێگای نووسین و خوێندنەوەی وێنەی دەنگە نووسراوەکان، کە هەر یەکەیان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون) (شیلان عوسمان، 2008:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

11) دروستدەبن. بە گشتی پەیوەندی زمانی لە ڕێگای زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتنەوە دروست دەبێت. هەروەها لە ڕێگەی ڕێزمانی زمانەکەوە بەرجەستە دەبێت و بەڕێوە دەچێت.

بەم جۆرە پرۆسەی پەیوەندیکرن پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، مرۆڤ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بیرۆکە و زانیارییەکان پشتیپێدەبەستێ لە ڕێگای زمانی هاوبەش (گوتەیی-ناگوتەیی). ئەوەی کار لەسەر ئەم پرۆسەیە دەکات لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشەنبیرییە لە نێوان مرۆڤەکاندا، جگە لەمەش پەیوەندیکردن بە تەنیا تایبەت نییە بە مرۆڤ، بەڵکو ئەم پرۆسەیە گیانەوەرانی تریش دەگرێتەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی پێرەوێکی دەنگی ڕێکوپێك لە نێوان گیانەوەرانی تردا ئەم پرۆسەیە لە سنورێکی تەسکدا قەتیس دەبێت.

## 2-1 بنەماکانی پەیوەندیکردن:- (Elements of the communication process):

لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا چەند بنەمایەکی سەرەکی هەن، کە پرۆسەکە، پێیانەوە بەندە و بەبێ ئەم بنەمایانە پەیوەندیکردن پێکنایەت. ئەمانەش بریتین لە:- (شنە ئەبو بەکر، 2008: 15-17) ، (ئازاد ڕەمەزان، 2005: 56)

1- نێرەر (Sender):- ڕەگەزێکی سەرەکی پەیوەندیکردنە، ئەو کەسەیە کە هەڵدەستێت بە ئاراستە کردنی پەیام، ئەو کەسەش لەوانەیە کەسێکی ئاسایی، یان مەعنەوی بێت. (دەزگا و دامەزراوە و وزارەت...هتد) بێت. ئەو کەسەی پەیامەکە دروستدەکات دەکرێت لە ڕێگای ئاخاوتن، یاخود نووسین، یان جوڵە و ئاماژە جەستەییەکانەوە بێت، پاشان ئاڕاستەی وەرگری دەکات. دوای ئەوەی زانیاری لەسەر خەسڵەت و سروشتی بەرامبەر وەردەگرێت.

2- پەیام (Massage):- ئەمەش بە بنەمایەکی گرنگ لە پرۆسەکەدا دادەنرێت، ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیکەر لە ڕێگای هێماکانەوە بۆ کەسانی تر گوزارشتیان لێدەکات. دەکرێت ئەو هێمایانەش بابەتی زارەکی، دەنگی، نووسراو، چاپکراو یاخود جوڵە و ئاماژەکان بن، کە واتا، یان بیرۆکەیەکییان هەڵگرتووە.

3- وەرگر (Receiver):- وەرگر ئەو کەسەیە، کە پەیامەکە وەردەگرێت، دەکرێت وەرگر تاکە کەسێك بێت، یان کۆمەڵێك، یان جەماوەرێك، ئەنجامی سەرەکی پەیوەندیکردن لای وەرگر دەبێت، چونکە

پرۆسەی پەیوەندیکردن کاتێك سەرکەوتوو دەبێت، کە وەرگر بەباشی لە مەبەستی پەیامەکە تێبگات و شیکردنەوەی بۆ بکات، بە پێچەوانەوە پرۆسەکە سەرکەوتوو نابێت.

4- کەناڵ (Channel):- ئەو ناوەندە مادیییەیە، کە بەکاردێت بۆ گەیاندنی هێماکان بە واتا بارکراوەکان، کە پەیامەکە پێکدێنێت ئەو هۆکارانەی، کە لە کەناڵی پەیوەندیکردن بەکاردێن چەند جۆرێکن لەوانە:-

أ- کەناڵی دەنگی:- لە ڕێگەی دەنگەوە دەبێت، جا دەنگی گۆکراو یان نووسراو بێت.

ب- کەناڵی نووسراو:- زمانی نووسراو بۆ گواستنەوەی ڕەمز و واتا و هێماکان وەك: (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب و چاپەمەنییەکان) بەکاردەهێنرێت.

ج- کەناڵی وێنەیی:- تیایدا نووسراوە هەڵواسراوەکانی سەر دیوار و تابلۆکان و نەخشە و ئاگاداری... هتد دەگرێتەوە.

د- کەناڵی جوڵەیی:- تیایدا زمان بەبێ گۆکردنی دەنگ بەکاردەهێنرێت، ئەمەش چەند جۆرێك لەخۆ دەگرێت، گرنگترینیان (ئاماژەکردن، نیشانەکان، ئاماژەی دەست و پەنجەکان، شێوەی ڕۆیشتن و ڕاوەستان...هتد) هەروەها زمانی هەڵچوونە فسیۆلۆژییەکان وەك: (ڕووخسار و شێوە و لۆچەکانی ڕووخسار و سەیرکردن، تورەیی، پێکەنین، گرژی برۆیەکان...هتد).

5- دەوروبەر (Context):- دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا دەگێرێت، بە جۆرێك بە هۆکارێك دادەنرێت بۆ ڕوواندنەوەی تەمومژی و نادیاریی لە گەیاندنی مەبەستدا، جا ئەو دوروبەرە دەوروبەری زمانی یاخود نازمانی بێت.

6- فیدباك (Feed back):- کاردانەوەی وەرگرە لەسەر پەیامی نیرەر بە ئەرێنی یان نەرێنی، واتە؛ قبوڵکردنی پەیامەکە، یان ڕەتکردنەوەی، کاردانەوەکەش بەشێوەی خێرا، یان لەسەرخۆ دەبێت، چونکە پەیوەستە بە ئاستی تێگەیشتنی وەرگرەوە.

بەم شێوەیە هەموو ئەو بنەمایانە بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن لە پرۆسەی پەیوەندیکردنێکی سەرکەوتوو لە نێوان تاکەکاندا. سەرباری ئەمانەش شارەزایی لە شێواز و دەربڕینی کەلتوور و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان لەسەر دروستکردنی ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی دروست هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3-1 هێما نازمانییەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا:

هێماکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بە پێویستیەکی سەرەکی دادەنرێن، هۆکارێکی گرنگن، کە لە ژیانی مرڤدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بنیاتنانی چالاکییەکانی ژیان و پەیوەندیکردنی زمان و کۆمەڵگا و کەلتووردا، لە کاتێکدا بەبێ هێماکان پەیوەندی لە نێوان کەسەکان دروستنابێت و بەبێ ئەم پەیوەندییەش کۆمەڵگا دروستنابێت، جا ئەم پەیوەندییە لە ڕێگای هێمای زمانی بێ، یاخود نازمانی بێ، لەگەڵ ئەمەشدا هیچ پەیوەندیەکی زمانی لە ئاخاوتندا سەرکەوتوونابێت بەبێ بەکارهێنانی هێما نازمانییەکان واتە؛ پرۆسەی پەیوەندیکردن لە ڕێگای هێما زمانییەکان پرۆسەیەکی ناکامڵدەبێت بەبێ بەکارهێنانی هێما نازمانییەکان.

هەر چەندە، کە هێما زمانییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەیە، واتە؛ لە ڕێگای ئەم هێمایانەوە تاك توانای پەیوەندیکردنی بە دەوروبەریەوە کارا دەبێت و درك بە مەبەستەکانی خۆی دەکات تاوەکو بە ئامانج و مەرامەکانی دەگات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هێما نازمانییەکان بە تەواوکەری ئەم پەیوەندییە دادەنرێن بە جۆرێك ((هیچ پەیوەندیەکی زمانی نێوان دو کەس بەبێ بەکارهێنانی جەستە و سیما و دەم و چاو سەر ناگرێ و بیری لێناکرێتەوە و نیە)) (محەممەد مەحوی، 2009: 55).

لە پاڵ ئەمانەشدا یەکێك لە کۆنترین ڕێگاکانی پەیوەندیکردن، پەیوەندیکردنی نازمانییە، کە بە هۆی هێما نازمانییەکانەوە ئەم جۆرە پەیوەندییە دروستدەبێت. واتە لە ڕووی بەکارهێنانەوە پێش پەیوەندیکردنی زمانی دەکەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی منداڵ کاتێك لە دایکدەبێت لە ڕێگای گریانەوە گوزارشت لە پێویستییەکانی خۆی دەکات، جیاواز لەوەش، پەیوەندیکردنی نازمانی لە ڕێگای هێماکانەوە بۆ چەرخە کۆنەکان و سەرەتای درککردنی مرۆڤی سەرەتایی دەگەڕێتەوە، بە نموونەی گەلی سۆمەرییەکان، کە لە کۆنترین نەتەوەکانی سەر ڕووی زەوی دادەنرێن، کەوا دادەنرێت لە نەتەوەکانی چیاکانی زاگرۆزی کوردستانن، بە هێمای وێنەیی گوزارشتیان لە کار و پێویستیەکانی خۆیان کردووە بە مەبەستی پەیوەندیکردن و لە یەکگەیشتن، بە بەڵگەی ئەو وێنانەی، کە لە ئەشکەوتەکان هەن گوزارشت لەم جۆرە هێمایانە دەکەن، کە بۆ شتەکانی دەوروبەریان و بە مەبەستی پەیوەندیکردن بەکاریانهێناوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، کە هێمای نازمانی یەکێکە لە کۆنترین و

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرتاییترین جۆری هێما، کە مرۆڤ هەر لەگەڵ لە دایکبوونییەوە بۆ دەربڕینی هەستەکان و پێداویستیەکانی بەکاریهێناوە.

هەر لە چوارچێوەیەدا نیشانە و هێما نازمانییەکان لە ئاخاوتندا لە چەندین سەرچاوەوە بە دەستدێت، کە زۆرێك لە زمانەوانان و لێکوڵەران دەستنیشانیانکردووە هەروەکو: (ئەلبیرت مهرابین) هێما و ئاماژە نازمانییەکان لە ئاخاوتندا لە چەندین سەرچاوەوە دەستنیشاندەکات لەوانە: (مؤفق حمدانی، 2004: 223)

1- دەربڕینی دەنگ.

2- گوزارشتکردن بە ڕووخسار، بە گشتی چاوەکان و دەم و ڕووخسار دەگرێتەوە.

3- گوزارشتکردن بە دەستەکان، یان بە کارهێنانی دەستەکان لە کاتی قسەکردندا.

4- چۆنیەتی باری جەستە.

5- جوڵە.

هەر بۆیە لەم بارەیەوە دەکرێت بڵێین، کە هێما نازمانییەکان تایبەتن بە دەربڕینەکانی جۆری دەنگ لە ڕووی بەرزی و نزمی و ئاواز و پێکەنین و گریان و ئاماژە دەربڕینە جەستەییەکان لە ڕێگای جوڵەی دەست و سەر و چاو...هتد.

هەروەها (ئیسنبێرگ و سمیث) (Eisenberg, Simith) هێما نازمانییەکان دابەشدەکەن بۆ سێ جۆری تر لەوانە: (Shamas and Wig, 1982: 2).

1- پارا زمانیی (Para linguistic): ئەو پێکهاتە دەنگیانەن، کە ناچنە ناو چوارچێوەی فۆنیمەکان.

2- زمانی جەستە (body language).

3- دور و نزیکی ماوەی نێوان ئاخێوەران (Proxemics).

بەم شێوەیە ئەوانەی، کە باسکران دابەشکردنی جۆری هێما نازمانیی(ناگوتەیی)یەکانن، کە لە لایەن لێکۆڵەران پۆلێنکراون بۆ چەند جۆرێك هەر یەکەیان لە ئاخاوتندا کەم، یان زۆر ئاخێوەر پشتیپێدەبەستێت و بۆ گەیاندنی پەیامەکەی و بەرجەستەکردنی واتا تیایاندا بەکاریاندەهێنێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 4-1 مەبەست لە بەکارهێنانی هێما نازمانییەکان لە ئاخاوتندا:

بەشێك لە هێما نازمانییەکان لەگەڵ هێما زمانییەکان لە ئاخاوتندا بەکاردێن. واتە؛ شان بە شانی یەکتر پرۆسەکە بەرێوە دەبەن بە جۆرێك گرنگی و تایبەتی خۆیان لە زماندا هەیە، بۆ چەندین مەبەستی جیا جیا لە ناردنی پەیامدا بەکاردێن لەوانە:-

(Johan Mastterson,1983: 117,118), (Pearson and Etall,2003:104,105)

1- جەختکردنەوە (دڵنیاکردنەوە) Emphasis:-

بۆ جەختکردن و دڵنیاکردنەوەی ئەو پەیامەی، کە قسەکەر بە وشە دەریدەبڕێت، لەگەڵیشیدا بە هێما نازمانییەکان زیاتر جەختدەکاتەوە لەسەر دەربڕینەکە، بۆ نموونە: لە کاتی سڵاوکردن شان بە شانی پەیامە زمانییەکە لە گەڵیدا بە دەستدان لەسەر سینگ و دڵ، یاخود تەوقەکردن و باوەشپیاکردن زیاتر جەخت لەسەر خۆشەویستی و رێزلێنان دەکەینەوە.

2- دژێتی(دژایەتی) Contradiction:-

بریتییە لە رەفتاری پێچەوانە واتە؛ ئەو ئاماژەیەی، کە بە شێوەی نازمانی گوزارشتیلێدەکات دژ و پێچەوانەی پەیامە گوتەییەکەیە/ دەربڕاوەکەیە، بۆ نموونە: لە کاتی دەمەقاڵێ دو کەس یەکیان بە تورەیەوە بە بەرامبەرەکەی دەڵێت: بەخێربێیت سەرچاوم لە کاتێکدا بە دەستەکانی دەرگای ژورەکەی بۆ دەکاتەوە وەك ئاماژەیەك، کە بچێتە دەرەوە، لێرەدا پەیامی گوتەیی پێچەوانەی پەیامە ناگوتەیەکە دەبێتەوە.

3- دوبارەکردنەوە Repetition:-

بۆ دوبارەکردنەوەی پەیامە گوتەییەکە بە هێمای ناگوتەیی، بۆ نمونە: کاتێك بۆ پشاندانی شتێك لە سەرەوە بە دەست ئاماژە بۆ سەرەوە دەکەین و دەستمان بەرز دەکەینەوە، یاخود بە کەسێك دەڵێین دانیشە بە دەست ئاماژە بۆ شوێنی دانیشتنەکە دەکەین.

4- تەواوکاریی Complementation:-

هێما نازمانییەکان دەبن بە تەواوکەری هێما زمانییەکان لە کردەی ئاخاوتندا. بۆ نمونە لەگەڵ دەربڕینی پەیامی (بەڵێ) ئاماژەی ڕازیبون بە سەر، یان سەر لەقاندن بۆ سەرەوە و خوارەوە لەگەڵ گوتنی (نەخێر) بە هەمان شێوە جوڵاندنی سەر، بەڵام بۆ لای ڕاست و چەپ ئاماژەیەکی ناڕازیبوونە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- جێگرتنەوە (لەجیاتی) Substitution:-

لە کردەی ئاخاوتندا گەلێك جار لە جیاتی هێمای زمانی هێما نازمانییەکان بەکاردێن، بۆ نموونە: کاتێك کەسێك دەیەوێت هەڕەشە لە بەرامبەرەکەی بکات، لە جیاتی پەیامی گوتەیی چاوی سوردەکاتەوە، یاخود پەنجەی لێهەڵدەشەقێنێت، لێرەدا پەیامی نازمانی شوێنی پەیامە زمانییەکەی گرتەوە.

6- ڕێکخستن Regulation:-

لە ڕێگای هێما نازمانییەکانەوە هێما زمانییەکان لە کردەی ئاخاوتندا ڕێکدەخرێن. بۆ نموونە: کاتێك کەسێك دەیەوێت بە بەرامبەرەکەی بڵێت: (هێشتا قسەکەم تەواو نەکردووە) بە ئاماژەی دەست و جوڵەی چاوەکانی گوزارشتیلێدەکات.

## 2- جۆرەکانی هێمای نازمانیی:

### 1-2 پارازمانیی (paralinguistic) وەك لقێکی زمان لە پەیوەندی نازمانییدا:

ئاشکرایە، کە زانستی زمان لە چەندین لق و بەشی جیاواز پێکدێت، کە هەموویان بەیەکەوە گرێدراون و بەتەواوکەری یەکتر دادەنرێن لە بنیاتنانی زانستێك بە ناوی زانستی زمان. یەکێك لە لقەکانی زانستی زمان (پارازمانی)یە لەم سۆنگەیەوە پارازمانی ((لقێکە لە لقەکانی زمان لەو ئیشارەتانە دەکۆڵێتەوە، کە بەشداری دەکەن لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا، وەسفی ئەو هۆکارانە دەکات، کە لە دەرەوەی زمانی زارەکەن، واتە؛ دیاردەی نازمانین و پەیوەستن بە زمانەوە)) (Crystal & Quirk, 1964: 162-174) بەم جۆرە زمانی جەستە و ئاوازەی دەنگ و بەرز و نزمکردنی دەنگ...هتد هەموو ئەمانە دەکەونە چوارچێوەی ئەم لقەی زانستی زمان. لەم ساڵانەی دوایدا هەریەك لە زانستەکانی دەرونزانی، کۆمەڵایەتی، پزیشکی دەروونی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بەشێك لە زانستەکانی تریش جەختیانکردەوە لەسەر هەندێك کاریگەری دەنگی، کە ناو دەبرێت بە پارازمانی. پێیانوایە دەنگ زیاتر کاریگەری لەسەر پەیوەندیکردن وەك لە بیر دەبێت، ئەمەش بە هۆی تێبینیکردنی خەڵکەوە، کە بەردەوام وەڵامدانەوەکانیان ئاماژەیە بۆ دیاردەی پارازمانیی. کە شتێکی ئەستەمە ئەم زانستە بخەیتە پەراوێزەوە.

هەروەها پارازمانیی وەك پردێك وایە لە نێوان هێما نازمانییەکان وەك (ڕەفتاری پەیوەندیکردن) و هێما زمانییەکان وەك (وشەسازی و ڕستەسازی). (Crystal & Quirk, 1964: 162-174)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها (تراسك) بەم جۆرە پێناسەی پارازمانیی دەكات، پارازمانیی بەكارهێنانی توخمی ناگوتەییە لە قسەكردندا وەكو ئاوازە و دەربڕینەكان و ئاماژەكان بە شێوەیەك، كە كاریگەری لەسەر واتا دروست بكا. (Trask, 1993: 197) ، بەم جۆرە پارازمانیی گشت لایەنەكانی زمانی گۆنەكراو دەگرێتەوە. ئەو توخمانەی، كە لە ناو ئەم بەشەی زانستی زماندا هەیە پێرەوێك پێكدەهێنن، كە لەگەڵ زمان یاخود هەندێك جار بەبێ زمان لە پەیوەندیكردندا بەكاردێت. بە شێوەیەك هەریەك لە لایەنەكانی بەرزی و نزمی پلەی دەنگ و خێرایی قسەكردن و پێداگرتن لەسەر هەندێك وشە و دەستەواژە و ئاوازەی دەنگ، هەموو لە تایبەتیەتی دەنگی پارازمانیین.

هەروەها پارازمانیی زمانی قسە و ئاخاوتنی پێدەناسرێتەوە. لە زمانی نووسین بە دیار ناكەون. پێرسۆن (Person) پارازمانیی بە هێمای دەنگی نا وشەیی زمان (non word) وەسف دەكات. دەیانخاتە چوارچێوەی پەیوەندیكرنی نازمانیی بە ئاماژە ڤۆكالییەكان گوزارشتیانلێدەكات، (Vocal Cues) پێیوایە هەموو لایەنەكانی زارەكی دەنگ دەگرنەوە جگە لە وشەكان.

### 2-2 ئاوازەی دەنگ (tone voice):

ئاوازەی دەنگ، بریتییە لە پێرەوێكی دەنگی، كە بەشێك لە مەبەستی قسەكەری پێدەردەبڕێت، بە گوێرەی بەرزی و نزمی پلەی دەنگەكە، بە واتایەكی تر لە چەند پلەیەكی دەنگی پێكدێت، كە بەشێك لە مەبەستی قسەكەری پێدەردەبڕێت بۆ نموونە: دەربڕینی تورەیی، باری ئاسایی، دڵخۆشی...هتد.

ئاوازە یەكێكە لە فۆنیمە ناكەرتیەكان، بریتییە لە بەرزكردنەوە و نزمكردنەوەی پلەی دەنگی ئەم بەرز و نزمكردنەوەیش پەیوەستە بە لەرینەوەی دەنگە ژێیەكان، كە بە هۆیانەوە ئاوازەی موسیقی دروستدەبێت. (سهیل لیلی، 2010: 2).

پێرەوی دەنگ لە چەند پلەیەك پێكدێت، گوتنی ئاسایی ناوەڕاستی ئەم پلانە دەگرێت. قسەكەر، یان بەرەو پلەكانی سەرەوە دەڕوا (دەنگی بەرز دەكاتەوە)، یان بەرەو خوارەوە دێت (دەنگی نزمدەكاتەوە)، ئەگەر شێوەی گوتنەكە لە پلەی ناوەڕاست نزیك بوو، ئەوا گوێگر واتایەكی ئاسایی بە مەبەستەكە دەدات، لێكدانەوەی مەبەستی گوتن بە پێی دور و نزیكی لە پلەی ناوەڕاستەوە دەگۆڕێت، واتە ئەگەر گوتنەكە لە پلەی ئاساییەوە دور بوو ئەوا گوێگر واتای نائاسایی بە مەبەستەكە دەدات، تەنانەت، لەوانەشە بە پێچەوانەی ئاسایی مەبەستەكە لێك بداتەوە. (محەمەد مەعروف، 2011: 25)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەم شێوەیە ئاوازەی دەنگ کەناڵێکە بۆ گێڕانەوەی قووڵترین هزر و هەستی مرۆڤ، چونکە ئاوازە پەیوەندی بە چەند ناوچەیەکی مێشکەوە هەیە، کە گرێدراوی هەستەکانن. بۆیە شاردنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاوازەی دەنگ لە کاتی بوونی هەستێکی تایبەتدا ئەستەمە، چونکە ئەم دووانە زۆر بەیەکەوەن و پەیوەستن. هەر بۆیە سەیر نییە کاتێك کەسێك پەست دەبێت، یان ماندووبێت دەنگی نا ئومێدانە و تورەیە، بە پێچەوانەوە ئەگەر دڵخۆشبێت دەنگی زیند و بە جۆش و خرۆش دەبێت. (لیلیان گلاس، 2018: 120-121).

لەم سۆنگەیەوە ((قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوورمان و تیز و گاڵتە پێکردن و ڕەزایی و نارەزایی... هتد دەربڕێ و دەری خا مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە...واتە هەر ڕستەیەی دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بە پێی ئاوازەکەی، تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بە هۆی ئاوازەی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرادەبێ)) ( وریا عومەر، 2004: 290).

بەم شێوەیە ئەوەی بە گشتی تێبینیدەکرێت لە واتای هەر یەك لە جۆری بەرزی و نزمی لە ئاوازەی دەنگی کەسەکان، دەردەکەوێت، کە بەرزی و خێرای زۆر لە ئاوازەدا، هێمایە بۆ نائاسودەیی کەسەکە، چونکە کاتێك کەسێك نائاسودەیە دەیەوێت زوو قسەکانی تەواو بکات، بۆیە پەلە دەکا و خێرایە لە دەربڕینەکانی، بەڵام بە هێواشی و لەسەرخۆیی، هێمایە بۆ خەمباری و بیرکردنەوە و سەرنجدان، بە هەمان شێوەش بە توندی قسەکردن هێمایە بۆ تورەیی و بەربەرەکانێ و بەرپەچدانەوە، نەرمی لە قسەکردنیش هێمایە بۆ ئاسودەی و خۆشەویستی گەیاندن. ئەمە لەکاتێکدا جیاوازە لەوەی، کە کەسێك سروشتی خۆی خێرایە لە گوتن، یان بە پێچەوانەوە لە دەربڕین هێواش و لەسەرخۆیە.

### 1-2-2 ئەرکەکانی ئاوازە وەك هێمای جۆراوجۆر:

بە گشتی ئاوازە لە زمانە جیاوازەکاندا وەك هێما و نیشانەی جۆراوجۆر بەکاردەهێنرێت، هەندێك لەو هێما و نیشانانە گشتین و لە زۆربەی زمانەکاندا بەکاردێن، بەشێکی تریان تایبەتن بە هەندێك زمان، بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریاندەکەین:- (ساکار کەمال، 2013: 43- 47)، (مۆفەق حەمدانی، 1982: 14)

1- ئاوازە وەکو نیشانەیەك بەکاردێت بۆ ئەوەی بزانرێت قسەکەر لە چ بارێکی دەروونیدایە، بۆ نموونە: لەکاتی هەڵچوون و تورەیی ئاوازەیی دەنگ بەرز دەبێتەوە، یاخود بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شتێك، بەڵام نزمکردنەوەی دەنگ هەندێکجار هێمایە بۆ خەم و پەژارە، یاخود باری تەندروستی کەسەکە لە کاتی نەخۆشی، یان ماندو بووندا دەردەخات. هەندێکجار دەنگ بەرز کردنەوە بە هۆی دوری کەسەکەوەیە لە گوێگر، هەندێك نزمکردنەوەی دەنگیش لە کاتی ئاخاوتندا مەبەستی قسەکەر دەردەخات، کە دەیەوێت قسەکەی نهێنی بێت و کەسانی تر گوێبیستی نەبن یان مەبەستی بێزار نەکردنی کەسانی دەوروبەری.

2- ئاوازە یارمەتیدەرێکە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆنانی ڕێزمان لە ئاخاوتندا هاوشێوەی خاڵبەندی یەکەکانی ڕستە دەستنیشاندەکات جۆری ڕستەکان لە ڕستەی پرس، هەوڵدان و...هتد بە هۆی ئاوازەوە دیاریدەکرێن.

3- ئاوازە هێمایەکی گرنگە بۆ ناسینەوەی کەسایەتی، یان ناسنامەی کۆمەڵایەتی و بەهرەمەندی کەسەکان وەك: پارێزەر، هەواڵ خوێن، بێژەری وەرزشی، ئامۆژگاریکەر، پلە دارانی سوپا...هتد چەندین پیشەی تر، کە بە سانایی بە هۆی ئاوازەی دەنگی تایبەت بە خۆیان لە ئاخاوتنەکانیاندا دەناسرێنەوە. واتە؛ ئاوازە ڕۆلی لە ناسینەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگایەکی دیاریکراو هەیە، چونکە تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ئەم چین و توێژانە مۆسیقای قسەیان لە یەکتر جیاوازە.

4- ئاوازە وەکو هێمایەك لە گۆڕینی واتا ڕۆلدەبینێت. دەکرێت ئاخاوتنێك چەندین واتای جیاواز ببەخشێت بە پێی گۆڕینی بەرز و نزمی و بارودۆخی قسەکەر و هەڵوێستی قسەکەر ئاوازەکەی بگۆڕێت و کۆمەڵێك واتا بگەیێنێت. وەك:

سازان ڕۆیشت. ← هەواڵدان

سازان هات ؟ ↗ پرسیارکردن

سازان هات ! ↖ سەرسوورمان

لیرەدا قسەکەر بە هۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە چەمکی هەواڵدان و پرسیار و سەرسوورمان دەردەبڕێت، بە جۆرێك ئەگەر ئاوازەی ڕستەکە لە سەرەوە تا کۆتایی لە پلەی ناوەند(ئاسایی) بوو، ئەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕستەکە ڕستەی هەواڵدانە، لە کاتێکدا بە گۆڕینی ئاوازەی دەنگ لەسەر وشەی (سازان) و بەرزبوونەوەی خێرای ئاوازەکە، ڕستەکە دەبێتە ڕستەی پرسیاری، بەڵام ئەگەر گۆڕینی ئاوازەی دەنگ لەسەر وشەی (هات) بێت ئەوە ڕستەکە دەبێتە ڕستەی سەرسوورمان.

5- ئاوازە کاریگەری زۆری لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی قسەکردن هەیە. لە کاتی شەڕ و ناکۆکیدا ئاوازەی لەسەرخۆ هێورکردنەوە دەبێتە هۆی دڵنەرمکردن و هاندان بۆ دان بەخۆداگرتن و کۆنترۆڵکردنی خودی کەسەکان. بە پێچەوانەشەوە ئاوازەی بەرز و شێوازی توند و تیژی، ناکۆکی و دەمەقاڵێ زیاتر دەکات کێشەکان گەورەتر دەکات.

6- جگە لە مرۆڤ ئاوازە کاریگەری لەسەر ئاژەڵانیش دروستکردووە، چونکە لایەنی دەروونی ئاژەڵانیش دەورووژێت کاتێك گوێیان لە دەنگی ئاوازێکی خۆش دەبێت، بۆ نموونە: وشتر کاتێك گوێی لە ئاوازێکی خۆش دەبێت ڕۆیشتنی خێرا و چالاکی زیاد دەبێت، یاخود کاتێك شوانێك جۆرە ئاوازێك بۆ ئاژەڵەکانی دەچڕێت گوێچکەکانیان قووڵاخ دەکەن و دەیکەنەوە، هەروەها (مار) لە دەفرەکەی دێتە دەرەوە بە دەنگی ئەو ئاوازەی، کە خاوەنەکەی بۆی دەژەنێت.

7- ئاوازە دەبێتە هێما و نیشانەیەك بۆ زانینی توخم و تەمەنی ئاخێوەر، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك گوێمان لە دەنگی کەسەکان دەبێت بەبێ ئەوەی بیانبینین دەزانین ئەو کەسە لە توخمی نێرە، یاخود مێ، منداڵە، یاخود گەنج، یان پیر، ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە زانینی ئەم هێمایانە ئاوازەی دەنگە بە پلەی یەکەم، دەنگی ژن و منداڵ تیژ و ناسکە، بەڵام دەنگی پیاو گڕە گەنجەکان خاوەنی دەنگێکی بەهێزن، بەڵام پیر خاوەنی دەنگێکی بێهێز و لەرزۆکە.

جیاواز لەمانەش لای زۆربەی گەلانی کۆن ئاوازەکانی مۆسیقا وەك هێما و نیشانە چەندین مەبەستی جیاوازیان لە خۆیان بەرجەستە کردووە، بۆ نموونە: لە کۆندا مەسیحیەکان ئاوازی جیاوازیان بەکاردەهێنا بۆ بانگەوازی نوێژکردن لەوانە:- (جان تۆماس، 1998: 12).

أ- زەنگی بانگەوازێك ئەگەر سێ جار لێدرابووایە پاشان وەستانێکی کورت، ئینجا بە ئاوازێکی تایبەتی چەند جارێکی تر لێدرایە ئەمە بانگەوازبوو بۆ نوێژکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب- ئەگەر یەکێك بمردایە بە ئاوازێکی تایبەتی و هێمن یەکبەواییەك بەبێ وەستان و بە شێوازێکی ماتەمینی زەنگەکە لێدەدرا. ئەمە بانگەوازبوو بۆ کۆبوونەوەی خەڵك لە کەنیسە بۆ بەشداربوون لە شاردنەوەی مردووەکە.

ج- ئەگەر هێرشی دوژمن بهاتایە سەر دێیەك ئاوازێکی تایبەتی بە تەوژم لێدەدرا بۆ ئاگادارکردنەوە (انذار) ئینجا هەر کەسێك گوێی لەم ئاوازە بووایە لەهەر شوێنێك بووایە دەبوو دەستی لە کار بەردایە و چەك و داری هەڵگرتایە بۆ بەرەنگاربوونەوە دوژمن.

## 2-2-2 بێدەنگی و وەستان:

بێدەنگی لە پەیوەندیکردنی نازمانیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، کۆمەڵێك واتا لەخۆی کۆدەکاتەوە وەکو هێمای جۆراو جۆر خۆی دەنوێنێت، هەر بۆیە لە پڕۆسەی پەیوەندیکردن بێدەنگی بە چەندین شێواز گوزارشت لە مەبەست و مەرامەکان دەکات.

نمونەی ئەو هێمایانەی، کە بێدەنگی گوزارشتیلێدەکات:-

1- دەکرێت بێدەنگی نیشانەی توڕەبوونبێت لە کاردانەوەی کەسی قسەکەر، گوێگر توڕە دەبێت و خۆی بێدەنگ دەکات.

2- بێدەنگی هەندێکجار بە مەبەستی گوێگرتنە لە هەواڵ، یان سەر گوزشتە و چیرۆك گێرانەوە... هتد، یان هەر گوێگرتنێك لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان کاتێك کەسێك وتار پێشکەشدەکات.

3- دەکرێت هێما و نیشانەیەك بێت بۆ بێزاری کەسەکان، بە هەر هۆکارێکی دەرەکی و ناوەکی کاتێك تاك بێزار دەبێت کاریگەری دەروونی لەسەر دروستدەکات، دەکرێت لەم کاتانەدا خۆی بە بێدەنگی بهێڵێتەوە.

4- بێدەنگی، دەکرێت هێما بێت بۆ نەتوانین و نەزانینی وەڵامێك بۆ پرسیاری قسەکەر کاتێك قسەگەر پرسیار دەکات، گوێگریش هیچ وەڵامێکی نیە بۆ گوتن بۆیە بێدەنگی هەڵدەبژێرێت.

5- هەندێکجار هێمایە بۆ گرنگی نەدان بە کەسی قسەکەر و بەو باسەی، کە قسەکەر دەیوروژێنێت هەر بۆیە گوێگر بە بێدەنگی دەمێنێتەوە و نایەوێت لەسەر ئەو باسە هیچ شتێك بڵێت، یاخود نایەوێت گرنگی بە قسەکەر وتەکانی قسەکەر بدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەرچی سەبارەت بە وەستانە ئەوە جۆرێکە لە بێدەنگی لە نێوان دەنگێك و دەنگێکی تر، یان لە نێوان وشەیەك و وشەیەکی تر، یان گرێیەك و گرێیەکی تر، یان ڕستەیەك و ڕستەیەکی تر دەبینرێت. وەستان فۆنیمیکی ناکەرتیە واتا دەگۆڕێت. (محەممەد عەلی خولی، 1987: 167).

وەستان دو جۆری هەیە: (مۆفەق حەمدانی، 1982: 236)

أ- وەستانی ڕێزمانی: لە کۆتایی هەموو ڕستەیەك، یان یەکەیەکی ڕیزمانی دێت، چونکە سروشتیە و بە بەشێك لە پێکهاتەی گەیاندنی پەیام دادەنرێت.

ب- وەستانی نارێزمانی: بەشێکی تەواوکەرییە لە گەیاندنی پەیامدا. هەندێکیان کورت و هەندێکیان درێژن بە پێی جۆری ڕستەکە. دەتوانرێت لایەنی دەروونی دوودڵی و بیرکردنەوەی قسەکەر لە ڕێگای ئەم جۆرە وەستانە دیار بکرێت.

ئاخێوەران ئارەزووی وەستان دەکەن لە چەند شوێنێك ئەوانیش: سەرەتای ڕستە، لە نێوان گرێکان و نێوان وشەکان لەم سێ شوێنە شتێکی ئاسایە و لە هەموو ئاخاوتنەکاندا ڕوودەدەن و دوبارە دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی وەستان سنوردارە ئەم ڕێژەیەش بریتییە لە (1،03) چرکەیە لە نێوان گوتنێك و گوتنێکی تر. هەوەها لە شوێنەکانی تر بریتییە لە (0،075)، (مۆفەق حەمدانی، 1982: 236). واتە؛ ئەگەر لە سنووری ئەو ڕێژەیە دەرچوو، کە دیاریکراوە بە نائاسایی و گومان دادەنرێت. لێرەدا ئەرك و هێماکانی وەستان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:-

أ- دەکرێت وەستان هێمایەك بێت بۆ سەرلەنوێ دوبارە دەستبێکردنەوەی قسە، کاتێك قسەکەر بەشێك لە قسەکانی تەواو دەکات و کەمێك دەوەستێت پاشان دەستپێدەکاتەوە.

ب- وەستان هەندێکجار هێما بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەندێك بابەت، کە قسەکەر دەیەوێت زیاتر تیشکی بخاتە سەر و زیاتر ڕوونیبکاتەوە، کە مەبەستی چییە.

ج- دەکرێت نیشانەی تورەبون بێت لە کاردانەوەی کەسی بەرامبەر، قسەکەر تورەدەبێت و دەوەستێت لە قسەکردن.

وەستان دەکرێت نیشانەیەك بێت بۆ جیاکردنەوەی واتای قسەکان، بۆ نموونە: لە ڕستەی:

* ئەو کچە بە↓نازە. بە واتای کچەکە ناز دەکات وەستان لە نێوان بە - ناز.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

* ئەو کچە بەنازە. بە واتای کچەکە ناوی بەنازە وەستان لە نێوان ئەو کچە- بەنازە. (عەبدولوەهاب خالید موسا، 2009: 111).

بە گشتی هەموو وەستانێك لە قسەکردن بێدەنگییە، بەڵام مەرج نییە هەموو بێدەنگییەك وەستان بێت لە قسەکردن، چونکە مرۆڤ تێکڕای کاتەکانی خەریکی قسەکردن نییە تاوەکو ئەو کاتەی وەستان هۆکارێك بۆ وەستانەکەی دیاریبکات. بە پێچەوانەوە مرۆڤ قسەکردن دەکات بە هۆکار و وەسیلەیەك بۆ جێبەجێکردنی کار و کردەوەکانی و بەردەوامیدان بە پەیوەندیەکانی. دەکرێت کەسێك بە دیار فیلمێك دابنیشێت بە بێدەنگی، یاخود لە جێبەجێکردنی کار و بارەکانی، یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەك کەسی دانیشتوو بە بێدەنگی گوێ بۆ قسەکانی وتارخوێن بگرێت. هەروەها هەموو ئەو هێمایانەی، کە بێدەنگی گوزارشتی لێدەکات هۆکارێك بن بۆ وەستان وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدان.

## 3-2 هێمای دەنگی ناوشە:

ئەم جۆرە هێمایانە دەگرێتەوە، کە بە دەنگ دەردەبڕدرێن، بەڵام بەبێ بەکارهێنانی وشە. نموونەی ئەم جۆرە هێمایەش دەکەوێتە ناو لقێك لە زانستی زمان بە ناوی پارازمانی (Para linguistics). ئەم جۆرە دەنگەش وەکو دەنگی گریان، پێکەنین، هاوار، نوزە، هاڕە، هوشە، منگە...هتد.

ئەمانە دەکرێن بە دووبەش بە شێکیان لەگەڵ زمان بەکاردێن. وەکو: ئاوازە، وەستان، تۆن...هتد. بەشێکی تریان بە سەربەخۆیی بەبێ زمان بەکاردێن. وەکو: ئەو دەربڕینانەی، کە ئاماژەی ئازار و سەر سوڕمان دەردەبڕن لەوانە: (ئاخ، ئۆف، ئای...هتد). هێماکانی دەنگی نا وشە زۆرن لێرەدا بەشێك لەو هێمایانە دەخەینە ڕوو: -

### 1-3-2 گریان:

تایبەتیەکی دەنگی پارازمانییە، هێمایەکی دەنگی نا وشەیە، کە هەڵگری چەندین واتایە، کە مەبەست وتێگەیشتنی جیاواز لە خۆی بەرجەستە دەکات، زۆر جار گوزارشت لە ناخۆشی وخەفەت دەکات، هەندێکجاریش هێمایەکە بۆ دەربڕینی خۆشی، یاخود بۆ دەربڕینی سەرسامی لە بەدەستهێنانی شتێکی گرنگ. وەك: بردنەوە لە پێشبڕکێ، یاخود لە کاتی پرسە و لە دەستدانی کەسێکی ئازیز، یان هێمایە بۆ دەستەبەرکردنی دەسکەوتێکی زۆر باش. هەروەها گریان لای منداڵان زۆر جار بۆ مەبەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەستهێنان و جێبەجێکرنی داواکارییەکانی پەنای بۆ دەبرێت، یاخود لە کاتی نەخۆشکەوتنی منداڵ توانای بەرگە نەگرتنی منداڵ بۆ نەخۆشیەکە هاوار و گریان بەدیدەکرێت، ئەم حاڵەتە لای کەسی پێگەیشتوش دەکرێت بەدیبکرێت، جگە لەمانەش هەندێکجار بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودانی کەسی بەرامبەر کاریگەری کردنە سەری بەکاردەهێنرێت، بۆ بەدەستهێنان و قایل کردنی دڵی لەسەر کارێك، یان ئاشتکردنەوەی کەسەکان. وەکو دەڵێن: ((فرمێسکی تیمساحی هەڵدەڕێژێت)). هەندێ جاریش گریان دەکرێ بە وەسیلەیەك وەك نمایش بۆ سەرنجراکێشانی کەسی بەرامبەر بەکاردێت.

**2-3-2 پێکەنین:**

هێمایەکی دەنگی نازمانییە هەندێکجاریش بە بێ دەنگی دەبێت، وەکو زەردەخەنە ئەمیش چەندین واتای جۆرا و جۆر لە خۆی کۆدەکاتەوە، بە گشتی پێکەنین واتای خۆشی دەگەیەنێت، هەندێکجاریش وەك هێمایەك و بۆ مەبەستی تر بەکاردێت. لەوانە:

1- گوزارشتکردن لە خۆشی و بەختەوەری، یاخود گوتنی قسەیەك بە شێوەی پێکەنین لە بنەڕەتدا هەڵگری شێوازی تورەییە.

2- هێمایەکە بە مەبەستی شەرمەزارکردن، کاتێك گوێگر، وتەکانی قسەکەری بە دڵ نییە و دەیەوێت گاڵتە بە قسەکانی بکات بە پێکەنین گوزارشتیلێدەکات.

3- هێمایەکە بۆ شاردنەوەی هەستی ڕەنجان و دڵشکان بە کردەوەیەك، یان قسەیەکی ناخۆش و نا لەبار، یان توانج لێدان لە لایەن قسەکەرەوە، لێرەدا گوێگر بە مەبەستی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکە لەسەری بە پێکەنین هەستەکانی خۆی دەشارێتەوە.

4- هێما و نیشانەیەکی بنەڕەتییە بۆ تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی واتە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی و سەرەتا و دەسپێکی قسە لە نێوان قسەکەر و گوێگر بەکاردێت. یاخود لە کاتی سڵاوکردن، یان پێکەنینی باوك و دایك بۆ منداڵەکانیان لە کاتی لە باوەشکردنیان و دەربڕینی خۆشەویستی بۆیان.

5- شاردنەوەی بێتوانایی و بێتاقەتی لە تاکدا، یاخود شاردنەوەی خەم و خەفت و ئازاری زۆر لە ناخدا.

6- وەك هێمایەك بۆ ڕازیبون وبێلایەنی بەکاردێت، کاتێك بزە وخەندەیەکی ئاسایی لەسەر لێو وڕووخسار دەبینرێ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-3-3باوێشك:**

کردەیەکی فیزیکییە بە شێوەیەکی گشتی لە کاتی باوێشکدان دەنگێك لە دەم دێتە دەرەوە، کە بە هێمایەکی دەنگی نازمانی دادەنرێت، باوێشکدان لەو کاتەدا دێت، کە ماسولکەکانی لەش خاو دەبنەوە و ماندو دەبن لە کاتی خەوهاتن و لە خەوهەستان. پزیشکان لەو باوەڕەدان ئەگەر کەسێك تێر خەو بوویێت و بەردەوام باوێشك بدات، ئەوە دەشێت ئاماژە بێت بۆ نەخۆشی مەترسیدار.

هەروەها بەشێك لە توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە ((باوێشکدان لە کاردانەوەی باوێشکی کەسێکی تر نیشانەیەکی سۆزداری و بەزەییە و هێمایە بۆ ئەوەی ئەو کەسانە زیاتر لە لایەنی بەرامبەر تێدەگەن)). (kosalan. Blogfa. Com).

**2-3-4 هەڵکێشانی هەناسەی بیستراو:**

دەنگی هەناسە ئاماژەیەکی نازمانییە، کە لە دەمەوە دەردەچێت زانیاری دەدات بە گوێگر لە بارەی بار و دۆخی دەروونی قسەکەر، وەك: هەڵکێشانی هەناسەی قووڵ و درێژ واتای خەم و پەژارەو و داخە، یاخود واتای ماندوێتی و بێزاری دەدات.

(جۆن سێرێل) پێیوایە هەر هەناسەیەکی بیستراو، کە لە دەمەوە دەردەچێت دەشێت حوکمێك، یان پرسیارێك، یان شیکردنەوەیەك، یان فەرمانێك، یا ئاگادارکردنەوەیەك، یان داوایەك، یا پەیامێك بێت، هەندێکجاریش واتای ڕاستگۆیی یا بێزاری یا فێڵکردن...هتد، یاخود لەوانەیە هیچ واتایەکی نەبێت. (سێرێل، 2000: 201).

**2-3-5 شش (shhh):**

ئاماژەی دەنگی نازمانییە نیشانەیە بۆ بێدەنگی، وەکو داواکردن لە کەسی بەرامبەر، کە بێدەنگ بێت، یاخود هەندێکجار فەرمانێکە بۆ پاراستنی هێمنی بە سەر کەسی بەرامبەردا دەسەپێنرێت.

**2-3-6 نچ نچ:**

نیشانەیە بۆ پەسەندنەکردنی کارێك و ڕەتکردنەوەی لە لایەن کەسی بەرامبەر، یاخود ناڕەزایی دەربڕین لە ئەنجامدانی کارێك، کە کراوە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7-3-2 دەنگەکانی (ئحم، ئمم، هم):

ئاماژەی دەنگین بە زۆری لە کاتی قسەکردندا بەکار دێن، هەندێك لە مەبەستی قسەکەری پێدەردەبڕدرێت و گوزارشتە بۆ هەندێك هێما و مەبەستی جیاواز، بۆ نموونە: ئەم دەنگانە لە سەرەتای دەستپێکردنی قسە بەکاردێن وەکو سەرەتایەك بۆ چوونە ناو بابەت قسەکەر بێ مەبەست بەکاریدەهێنێت، یاخود بۆ جەختکردنەوە لەسەر تەواوی و دروستی تۆنی دەنگی بۆ قسەکردن، هەندێکجاریش لە کاتی وەستان لە ناوەڕاستی ئاخاوتن ئەم دەنگانە بەکاردێن. جگە لەمانەش لە کاتی دوودڵی و بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی وشە بۆ دوبارە دەسپێکردنەوە بەکاردێن. هەروەها ئەم ئاماژە دەنگیانە ئەگەر لەناو کۆمەڵێك کەس، دو کەس بە مەبەست بە کاریانهێنا دەچێتە چوارچێوەی توانجلێدان و مەبەستی شاراوەی لە دواوەیە. (همم)، هەندێکجار چەمکی سەرسوورمانیش دەگەیەنێت.

### 4-2 هێمای جوڵەیی (زمانی جەستە) Body language:

هەر وەکو چۆن وشەکان واتا دەگوازنەوە لە ڕێگایانەوە پەیوەندیکردنی زمانی دروستدەبن، بە هەمان شێوە پرۆسەی پەیوەندی لە ڕێگای گفتوگۆی نا زارەکی، لە ڕێگای زمانی جەستەوەش بۆ گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی زانیاری، کە شێوازەکانی ڕووخسار و ئاماژەکانی دەست و سەر و چاو و جوڵە جۆراوجۆرەکان...هتد دروست دەبێت.

گفتوگۆ نازارەکییەکان لە ڕێگای زمانی جەستەوە دەتوانن ویست و مەبەست و بیرکردنەوەی خەڵکی دەربخەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە هەندێکجار هەڵسوکەوتەکان بە ئاماژەکان ناودەبرێن، چونکە خەڵکی بێئاگان لە وەی، کە بە شێوەیەکی نازارەکی گفتوگۆ دەکەن، نازانن لە کاتی قسە کردن جەستە و هەڵسوکەوتیان پەیامەکان دەگەیەنن، هەر لەبەر ئەوەیە، کە زمانی جەستە لە وتە و قسەکان ڕاستگۆترن. (جۆی ناڤارۆ، 2019: 8)

زانای ئەمریکی ئەلبیرت میهرابین لە دوای توێژینەوە زانستیەکەی بۆیدەرکەوت، کە مرۆڤ 7% بە وشەکان و 38% بە ئاوازەی دەنگی و 55% بە زمانی جەستە پەیوەندیەکانیان ئەنجامدەدەن. (ئالن بیز، 2020: 7). ئەم هۆکارەش وایکردووە، کە دەروونناسەکان لەم بارەیەوە بۆچوونیان وابێت، کە ئەم ڕێگایە زۆر کاریگەرە بە ڕێژەی (5) جار لە زمانی ئاخاوتن زیاتر ئاسەوار جێدەهێڵێت. (محەممەد ئەمین،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2007: 33). کەواتە؛ ئەگەر ئێمە سەرجەمی هێما نازمانییەکان لەگەڵ یەك كۆ بکەینەوە، کە ئاوازەی دەنگ و زمانی جەستە دەگرێتەوە دەگەینە ئەنجامێکی کاریگەر بەم شێوەیە: ئاوازی دەنگی 38% + 55% زمانی جەستە = 93% هێما و ئاماژە نازمانییەکان. بەم جۆرە بۆمان دەدەکەوێت، هێما و ئاماژە نازمانییەکان ڕێژەیەکی بەرچاو لە واتا و مەبەستی ئاخێوەر دەبینن بۆ گەیاندنی پەیامەکان لە ڕێگای دەربڕینە نازمانییەکانەوە.

پرۆفیسۆر (برد هۆیس) زۆر زیاتر لە هاوکێشەکەی (میهرابین) دەڕووات و پێیوایە، ڕەگەزی زارەکی (قسەکردن) کەمترە لە (35%) و ڕەگەزی نازارکیش (زمانی جەستە) زیاترە لە (65%). هەروەها (بیر دوستل)، ئەوەی سەلماندوە، کاتێك کەسێکی ئاسایی بۆ (10) خولەك قسەدەکات ئەوا بۆ هەر ڕستەیەك دو چرکە و نیو کاتی پێویستە، لەم ماوە کەمەشدا نزیکەی (250000) دو سەد و پەنجا هەزار جوڵە و هێما لەسەر جەستە و ڕووخسار دەردەکەون. (هاوکار ڕەفیق، 2020: 185).

ئاشکرایە، کە هێما نازمانییەکان پانتایەکی فراوانیان داگیرکردووە لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی مرۆڤ بە دەوروبەری و گەیشتن بە ئامانج و مەرامەکانی. واتە؛ شێوازی زمانی گۆکراو تاکە ڕێگا نییە بۆ پەیوەندیکردن، بەڵکو پشت بە کۆمەڵێك هێما و ئاماژەی نازمانی دەبەستێت بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەی پەیوەندیکردن بە ڕێگایەکی سەرکەوتوو. بە شێوەیەکی گشتی زمانی جەستە هۆکارێکی گرنگە بۆ زانینی ڕاستی و دروستی مەبەستی بەرامبەر، یان ئەو نهێنیانەی، کە لە ناخیدا حەشاریداون، هەروەها جیاوازە لەو وشە و دەربڕینانەی، کە بە زمان گوزارشتیلێدەکات. جگە لەمەش تاکە پەیامی پەیوەندیکردنە، کە ئەستەمە ساختەکاری تێدا بکرێت. بۆیە دەکرێت تا ڕادەیەکی زۆر بۆ گەیشتن بە ڕاستیەکان پشتیپێببەسترێت. هەر بۆیە ئەمرۆ لە لای میللەتانی پێشکەوتوو گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، چونکە زمانی جەستە یەکێکە لە زانستە سەرەکییەکان، کە دامودەزگاکان وەك بەشێك لە کاری ڕۆژانەیان سودێکی زۆری پێگەیاندون، وەکو دەزگاکانی پۆلیس و دادوەران و نەخۆشخانە و بواری پزیشکی کەڵکی زۆر لەم زانستە وەردەگرن، بە خوێندنەوەی هێما و جوڵەکانی جەستە و شیکردنەوەی باری دەروونی و هاوتاکردنی هێماکان لەگەڵ وتەکانیان، بڕیاردان لەسەر لایەنی ڕاستی و ناڕاستی وتەکان لە ڕێگای سەرنجدان لە جوڵە جەستەییەکان، چونکە هەندێکجار واتاکان و ئاماژەکانی زمانی جەستە پێچەوانە دەبێت لەگەڵ خودی

وشە دەربڕاوەکان، بۆ نمونە: کەسێك بە دەنگێکی لەرزۆك و ڕووخسارێکی پەشۆکاو و سور هەڵگەڕاو لە ناو کۆمەڵێك کەسی تردا دەڵێت: ( زۆر هەست بە ئاسودەیی و دڵخۆشی دەکەم، کە لێرەم). لێرەدا زمانی جەستە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ وشە و دەربڕینە زمانییەکان هەر بۆیە دەڵێین، کە زمانی جەستە ڕاستگۆ ترە لە زمانی ئاخاوتن.

گرنگترین شت، کە لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ زمانی جەستەدا ڕەچاوبکرێت ئەوەیە، کە نابێت بە تەنیا یەك جوڵە ڕەچاوبکرێت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێك جوڵە ڕەچاوبکرێت بۆ ئەوەی بە هەڵە حوکم لەسەر کەسێك نەدرێت. بۆ نموونە: کاتێك کەسێکی هەڵچو پێدەکەنێت ناتوانرێت وەها وەسفی پێکەنینەکەی بکرێت، کە گوزارشتێکە لە شادومانی، ئەمە لێکدانەوەیەکی تەنگەبەر و هەڵەی پێکەنینەکەیە، چونکە ئێمە ئاماژەی پێکەنینەکەمان بە تەنیا لێکداوەتەوە و جوڵە جەستەییانەمان دابریووە، کە گوزارشت لە توڕەیی دەکەن، لێرەدا پێکەنینەکە ئاماژەیەکی دژ و پێچەوانەی گشت ئاماژەکانی دیکەی جەستەیە، کە گوزارشت لە هەڵچوونی توڕەیی دەکەن، وەك: ئاوازەی دەنگ و جوڵە لەرزۆکەکانی دەست و پێ. (ئالن بیز، 2020: 18).

کەواتە لێرەدا بۆ خوێندنەوەی هێماکانی زمانی جەستە دەبێت پێڕەوی سێ مەرجی سەرەکی بکەین تا وەکو بەبێ هەڵە بگەینە ئاستی شیاوی خوێندنەوە. لەوانە:- (محەممەد ئەمین، 2007: 33-36).

مەرجی یەکەم (خوێندنەوەی هێشووە هێماکان):-

هەموو هێمایەك پێویستە وەکو وشە مامەڵەی لە گەڵدا بکرێت. وشەش دەکرێت چەندواتایەك لە خۆ بگرێت لە پەیوەندی لەگەڵ وشەکانی تر لە ڕستەدا. بە هەمان شێوە هێمای زمانی جەستەش دەخرێنە ڕستە و واتای تەواوی دەردەکەوێت... توێژەران بەم ڕستەیە دەڵێن (هێشوە هێما)، کە لە چەند هێمای جیاواز پێکهاتوون، لە هەمان کات و شوێندا، بە مەش دەتوانین بگەین بە خاڵی بنەڕەتی لە خوێندنەوەی هێماکە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان.

مەرجی دووەم (هاوجووتی و گونجاندن):-

توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە، کە نیشانە گۆنەکراوەکان، پێنج ئەوەندەی ئەو دەربڕینانەی لە کەناڵی ئاخاوتنەوە دەردەچن، واتایان هەڵگرتووە. کەواتە ئەگەر نیشانە گۆنەکراوەکان و دەربرینە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانییەکانی کەناڵی ئاخاوتن هاوجووت نەبن و لەگەڵ یەکتر نەگونجێن، ئەوا مانای هەڵخەڵەتاندن و درۆ لە ئارادایە.

مەرجی سێ یەم (بە نزیکردنەوە):-

هەموو هێمایەك دەبێت بە نزیکردنەوە بڕیاری لەسەر بدرێت لەو کات و شوێنەی تیای دەردەکەوێت. بۆ نموونە: یەکێك لە ئاماژەکانی کەسی بەرگریکار و نەرێنی ئەوەیە، کە تاك هەر دو دەستی بخاتە ژێر باڵی و دەستەکانی کۆبکاتەوە، کەچی ئەوە هەمان ئاماژە و هێمای کەسێکە، کە لە کاتی سەرمادا لەسەر شۆستەیەکدا، یان لە وێستگەیەکدا دانیشتووە لە زستانێکی ساردا هەر دو دەستی دەخاتە ژێر باڵی و کۆیاندەکاتەوە بۆ خۆ گرمۆڵەکردن و خۆ گەرمکردنەوە. بەم شێوەیە، ڕەچاوکردنی هێشوە هێماکان و هاوجووتکردن و گونجاندنیان لەگەڵ دەربڕینە زمانییەکان و بە نزیکردنەوەی هێماکان، ڕابەریمان دەکات بۆ وەرگێران و خوێندنەوەی هێماکانی زمانی جەستە بەو شێوەی، کە ڕاست و ڕەوان و لەبارە.

### 1-4-2 هێما ئاماژەییەکانی زمانی جەستە:

بە گشتی ئەندامانی جەستە بەشداریدەکەن لە پەیوەندیکردن لە نێوان قسەکەر و گوێگر، بەڵام ئەو ئەندامانەی، کە زیاتر بەکاردێن لە کاتی ئاخاوتن بریتین لە (جوڵەی سەر، چاوەکان، جوڵەی دەست و پێ چۆنیەتی دانیشتن و ڕاوەستان...هتد) ئەو هۆکارانەی، کە جەستە گوزارشتیانلێدەکات زۆرن و جۆرا و جۆرن. لێرەدا بەشێکیان دەخەینە ڕوو:-

**أ- هێما و ئاماژەکانی سەر.**



1- سەر بەرزکردنەوە: سەر بەرزکردنەوە هێمای بێلایەنی پێشان دەدات بەرامبەر کەسی قسەکەر، سەر بەرزکردنەوەی زیاد لە پێویست نیشانەی خۆ بە گەورەزانین و چاو نەترس و لەخۆباییبوونە.



2- سەر نزمکردنەوە: جگە لە مەراسیمێکی فەرهەنگی، یان ئایینی، کە تیاییدا سەر نزمکردنەوە نیشانەی ڕێزە، قسەکردن بە سەرێکی نزمەوە، پێماندەڵێت،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کە ئەو کەسە متمانەی بە خۆی نییە، هەروەها نیشانەی خەمۆکی، یان حاڵەتێکی نەرێنیە. (لیلیان گلاس، 2018: 167).



3- سەر لارکردن: سەر لارکردنەوە بە لایەکدا ئینجا لای چەپ، یان ڕاست بێت، نیشانەی ئەوەیە، کە گرنگی پێدانێك دروستبووە، یان گەشەی کردووە. هەروەها واتای ملکەچبوونیش دەگەیێنێت. ئافرەتان بۆ دەرخستنی گرنگی پێدانی خۆیان بۆ کەسێکی سەرنجڕاکێش ئەم ئاماژە بەکاردەهێنن. (ئالن بیز، 2019: 123).

**ب- هێما و ئاماژەکانی دەست:-**



دەستەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە دەربڕینی زمانی جەستەدا دەگێڕن، بۆ چەندین ئاماژەی پێویست بەکاردێن لەوانە: دەستبەرزکردنەوە لە کاتی سڵاوکردن، جوڵاندنی لە کاتی خوا حافیزی و دەست بە سینگەوە گرتن و پیشوازیکردن...هتد. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەو جوڵانەی، لەکاتی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێن بۆ چ مەبەست و مەرامێك گوزارشتیلێدەکرێن.

1- دەستلێکخشاندن: ئاماژەیەکی نازارەکییە، لە ڕێگای ئەم ئاماژەیەوە، پێشبینی شتی باش دەکرێت. بۆ نموونە: کەسێك، کە زاری تاوڵە هەڵئەدا بەم ئاماژەیە پێشبینی قازانجێکی باش دەکات، ئەگەر ئەم ئاماژەیە بە خێرای بەکارهێنرا،بەڵام ئەگەر بە توندی و هێواشی دەستەکان لێکخشێنران، ئەوە دەکرێت کەسێکی فێڵباز بێت و شارەزایە و دەیەوێت بیشارێتەوە لە کەسی بەرامبەری، کە دەرنجامەکان لە بەرژەوەندی خۆیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە هەموو دەست لێکخشاندنێك هەمان ئەو دوو مەبەستە بگەیەنن، چونکە هەندێکجار لە زستاندا لە کاتی سەرمای زۆر لە دەرەوە دەکرێت ئەم جوڵەیە بۆ گەرمکردنەوەی دەستەکان بەکاربهێنرێت (هەمان سەرچاوە: 63-64).



2- لێکخشاندنی هەر دوو سەرە پەنجە (پەنجە مۆر و پەنجەی شایەتمان) (دۆشاو مژە و ئەسپێ کوژە): بە گشتی بۆ ئاماژەدان بۆ وەرگرتن و چاوەڕووانی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردنی وەرگرتنی برێك پارە بەکاردێت، یاخود هەندێکجار لە نێوان هاوڕێیان بەکاردێت بۆ وەرگرتنی پارە بە قەرز بە گشتی مەبەستی بەکارهێنانی ئەم ئاماژەیە باسکردنی پارەیە.



3- دانانی هەر دوو دەست لە پشتی سەر:- ئەم ئاماژەیە دەستەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام سەریشی لەگەڵدایە. نیشانەی ئەوەیە، کە کەسەکە متمانەی بەرزە. ئەو ئاماژەیەی لەیەك ئاڵانی دەستەکان لە پشتی سەریان زۆر جار کەسانێك دەیکەن، کە دەسەڵاتیان هەبێت و هەست بە سرەوتن دەکەن. دەکرێت ئەم ئاماژەیە بۆ پشودانیش بەکاربێت، کاتێك کەسانێك لەسەر کارن پاش ماندوبوونێکی زۆر پاڵیان بە کورسیەکانەوە دەدەن بۆ وەرگرتنی پشووێکی کەم، کە هەست بە دڵخۆش و متمانە بەخۆبوون دەکەن لەگەڵ پێشکەوتن لە کارەکەیاندا. (گەیس و گرۆست، 2020: 108).

**بەناوبانگترین سێ ئاماژەکەی دەست و پەنجە:**



* پەنجە مۆر و پەنجەیەکی دیکە بۆ دروستکردنی بازنەیەك:-

1- بۆ کەسانێکی خۆر ئاوایی واتا ok.

2- بۆ یابانیەکان واتا پارە.

3- بۆ فەرەنسیەکان واتا سفر.

4- لای تورك و بەرازیلیەکان جنێو سووککردن.

5- هەروەها نیشانەی هێزیشە.

6- لە ناو کوردیش بە واتای پەسەنکردنی شتێك دێت، یان بە دڵبوونی شتێك، هەندیکجاریش بە واتای جنێو دێت.

* ئاماژەی ( V ) بە پەنجەی شایتمان و پەنجەی ناوەڕاست ئەنجام دەدرێ:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



1- لای ئەمریکیەکان واتا دوو.
2- لای ئەڵمانییەکان واتا سەرکەوتن.
3- لای بەریتانییەکان سووککردن و جنێوێکی گەورەیە.
4- لە ناو کوردیشدا بۆ هەردوو واتا بەکاردێت، هەندێکجار بە واتای سەرکەوتن دێت، کاتێك پشتی دەست ڕووی لە دەرەوەیە، هەندێکجاریش، بۆ سووککردن و جنێودانی کەسێك لەو کاتانەی ناو لەپی دەست ڕووی لە دەروەوەیە. بۆ نموونە: کاتێك کەسێك لە پشتی سەرییەوە ئەم ئاماژەیەی بۆ دەکرێت، واتە؛ کەسەکە بە (گوێدرێژ) دەچوێنرێت، لە کاتێکدا لە ناو کورددا سیفەتی بێئەقڵی دراوەتە پاڵ گوێدرێژ.

* ئاماژەی پەنجە مۆر بەرەو سەرەوە: -



بەرز کردنەوەی پەنجە مۆر نیشانەی قایلبوون و ڕازیبوونە، یاخود هەموو شتێك ئاساییە، بە شێوەیەکی بەرفراوان ئەم ئاماژەیە لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێت، پەنجە مۆر بەرەو خوارەوە واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە واتە؛ ڕازینەبوون و هیچ شتێك ئاسایی نییە دەگەیەنێت.

## ج- هێماکانی چاو:-

چاوەکان بە پێرەوێکی تەواو دروست دادەنرێن بۆ پێوانی هەستەکان، چونکە تا ڕادەیەکی کەم دەتوانرێت دەستی بەسەردا بگیرێت و کۆنترۆڵبکرێت، لەبەر ئەوە چاوەکان بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێتن بۆ پێدانی زانیاری کەسی و دەربڕینی شتە شاراوەکان، کە لە ناخی مرۆڤ شاردراوەتەوە بە نهێنی، هەر لە ڕێگای چاوەوە دەتوانرێت گوزارشتەکانی خۆشەویستی و ڕق و کینە و شەڕانگێژی دەردەبردرێت. لەوانە: (جۆی ناڤارۆ، 2019: 168 -181)



1- کاتێك مرۆڤ تورە دەبێ چاوەکانی دادەخرێن و لە دۆخی گوتنی قسەی ناڕاستیش هەر وایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



2- ئەگەر لە کاتی قسەکردندا چاوی بەرەو لای ڕاست کەوتە دۆخی ڕامان و دالغەوە، ئەوا وێنەیەکی ناوەکی دروستدەکات و هەڵدەچنێت، کە پێشتر نەیبینیوە.



3- ئەگەر ئاڕاستەی چاوەکان ڕاستەوخۆ بەرەو لای چەپ چوو، ئەوا قسەیەك هەڵدەبستێت، کە پێشتر نەیبیستوە.

جگە لە مانەش وەك ئاماژەیەکی ڕوون دەردەکەوێت، کە چاو زەقکردنەوە، چاو سور کردنەوە نیشانەی هەڕەشە و ترس دەگەیەنن. چاو شۆڕکردنەوە نیشانەی شەرم و شەرمەزاری و تۆران دەگەیەنێت. چاو برینە چاوی کەسێکی نەناسراو هێمایە بۆ ڕووبەڕووبونەوە، بەڵام ئەگەر کەسەکە ناسراو بو واتای خۆشەویستی دەگەیەنێت. دڵدارەکان کاتێك لە پەیوەندی خۆشەویستیدان زۆر لە چاوی یەکتر دەڕووانن بە بێ هیچ زانیارییەك قووڵدەبنەوە لە نیگاکردنی بیلبیلەی چاوی یەکتر، هەر کاتێك یەکێکیان بیلبیلەی چاوی گەورە بو بەرامبەرەکەی بەم ئاماژەیە دەورووژێن.
ڕۆشەنبیری و کەلتوور ڕۆڵێکی گرنگیان لە بەیکگەیشتنی چاوەکاندا هەیە. بۆ نموونە: یابانییەکان زۆر جار خۆیان بە دور دەگرن لە تەماشا کردنی ڕاستەوخۆ، لە جیاتی ناو چاو سەیری گەردەنی قسەکەر دەکەن لە کاتی گفتوگۆ، لە ئەمریکا سەیری دەم و چاوی قسەکەر دەکەن بۆ ئەوەی وا پشانبدەن، کە گرنگی بە قسەکانی قسەکەر دەدەن. لەناو عەرەبیش مەیلی تەماشاکردنیان زیاترە بە بەراورد لەگەڵ بەشێك لە ڕۆشەنبیریەتی ڕۆژ ئاواییەکان. (گەیس و گرۆست، 2020: 119)
لە ئاخاوتنی کوردیشدا، بە مەبەستی گرنگیدان بە قسەکانی قسەکەر سەیری چاوی قسەکەر دەکرێت، بە تایبەت لە گفتوگۆ و کۆڕ و کۆبوونەوە و شوێنە فەرمییەکان، بەڵام نیگای چاوەکان لە شوێنە گشتییەکان لەگەڵ کەسە نەناسراوەکان ڕێگە پێدراو نیە و لەگەڵ دابونەریت و کەلتووری کۆمەڵگای کوردی یەك ناگرێتەوە، بۆیە کاتی قسەکردن لەگەڵ ئافرەتدا کەمتر سەیری ڕووخسار دەکرێت تەنیا بۆ ڕێکخستنی ئاڵوگۆڕی گفتوگۆ بەکاردێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**د- هێما و ئاماژەکانی قاچ و پێیەکان:-**

ئاماژەی قاچ و پێیەکان پێوەرێکی بە هێزن بۆ ئەوەی بتوانیت ڕاز و نیازی ڕاستەقینەی کەسەکان بزانیت. پێیەکان بە ڕاستگۆترین بەشی جەستە دادەنرێن. کە زۆرترین ئەگەری هەیە هەست و ویستی ڕاستەقینەی کەسەکان بخاتە ڕوو، هەروەها ببێتە سەرەکیترین شوێن بۆ ئەوەی بە سەرنجدان لە ئاماژەکانی وێنای بیرکردنەوەی کەسەکە بکەیت. (جۆی ناڤارۆ، 2019: 58).

نوسەر و گیانەوەرناس (دیزمەند مۆریس) دەڵێت: ((پێیەکان بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی جەستە، کت و مت ئەو شتانە دەڵێن، کە ئێمە بیریان لێدەکەینەوە و هەستی پێدەکەین. بە واتایەکی دیکە، پێیەکانمان زمانحاڵی هەست و بیرکردنەوەکانمانن)) (هەمان سەرچاوە: 58-59). هێما و ئاماژەی پێیەکان زۆرن لێرەدا بەشێك لەو ئاماژانە دەخەینە ڕوو:-

1- دانانی قاچەکان لەسەر یەکتر:-



دانانی قاچەکان لەسەر یەکتر بە مانای دڵنیانەبوون دێت، هەندێکجاریش بە مەبەستی دروستکردنی بەربەستێك لە نێوان خۆی و کەسانی دەوروبەر ئەم ئاماژەیە دەکرێت، هەروەها لە حاڵەتی بەرگریکردنیش ئەمە ئاماژەیە بەکاردەهێنرێ، جگە لەمەش ئافرەتان هەندێکجار ئەم ئاماژەیە بەکاردێنن کاتێك دەیانەوێت وا پیشانبدەن، کە تورەن، یاخود بۆ پشوودان و پشوو وەرگرتن ئەم کارە دەکات کاتێك بۆ ماوەیەکی زۆر دانیشتووە چەندین جار قاچ دەخاتە سەر قاچی و لەیەکیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بە باشی پشوو بدات هەندێکجاریش بێ مەبەست ئەم ئاماژەیە ئەنجام دەدرێت. جیاواز لەمانەش دەکرێت ئاماژەی دانانی قاچەکان لەسەر یەکتر نیشانەی ئەوە بێت، کە کەسی دانیشتوو یەکێك بێت لە جەماوەر و گوێ لە وانەیەك دەگرێت و بێزار بوبێت لەوەی دەوترێت، یاخود لەوەی، کە ڕوودەدات (گەیس و گروست، 2020: 163-164).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- دورخستنەوەی پێیەکان لە کاتی دانیشتن:-



ئەم جۆرە ئاماژەیە زیاتر لای پیاوان بەکاردەهێنرێت، هەندێکجار ئەم ئاماژەیە هێمایە بۆ شەڕانگێزی و خۆ بەزلزانین، ئەگەر لە شوێنێك ئافرەتی لێبوو دەکرێت هێمایەك بێت بۆ سەرنجراکێشانی ئافرەتان هەندێکجاریش بێ مەبەستە، بەڵام کردنەوەی پێیەکان بە شێوەیەکی فراوان لە کاتی ڕاوەستان نیشانەی تورەیی، یان شەرانگێزییە.

3- دانیشتن بە دوو قاچی پێکەوە نوساو:-



ئەم جۆرە ئاماژەیە زیاتر لای ئافرەتان بە دیدەکرێت، بە تایبەت لە کۆڕ و کۆبونەوە فەرمییەکاندا، بە دانیشتنی خۆپاراستن و شەرمنی و نیگەرانی دادەنرێت، دەکرێت ئەم جۆرە دانیشتنە شێوازی دانیشتنی قوتابخانە و ناو پۆلمان بیربخاتەوە. (هەمان سەرچاوە: 167).

5-2 دور و نزیکی ئاخێوەران وەك هێمایەکی نازمانی لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا:

دور و نزیکی نێوان ئاخێوەران بە یەکێك لە هۆیەکانی گەیاندنی پەیام دادەنرێت، دەتوانین بڵێن: پێرەوێکە بۆ پێوانی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان گوێگر و قسەکەردا هەیە، مەودای ئەم ناوچەیەی نێوان ئاخێوەران زۆر جار کەلتوور و دابونەریت دیاریدەکات بۆ مرۆڤەکان. بە جۆرێك بەشێك لە کەلتوورەکان وا ڕاهاتوون مەودای نێوان قسەکەر و گوێگر کەمە، بەشێکی تر بە پێچەوانەوە.

لە نێوان ئەو نەتەوانەی، کە ماوەی نێوان قسەکەر و گوێگریان کەمە یابانیەکانن هۆکاری ئەمەش بۆ چڕی دانیشتووان دەگەڕێتەوە، بە پێچەوانەی کەلتوورەکانی دیکەی وڵاتە ڕۆژ ئاواییەکان، کە بواری کراوە و فراوان لە نێوان ئاخێوەران بە باش دەزانن، حەز دەکەن ئەو ماوەیە بپارێزن. (ئالن بیز 2019: 30). لە ئەرجەنتین مەودای دوری نێوان ئاخێوەران کەمە، بە جۆرێك ئەگەر بۆ دواوە بکشێتەوە وا بیر دەکەنەوە، کە شەرمنی، لە بەرامبەردا ئوسترالیەکان بڕوایان بە مەودای زۆر هەیە لە نێوان ئاخێوەران بە نزیکبونەوە ئاسودە نین ئەگەر زیاتر لە درێژی دەستێك لێیان نزیکبیتەوە هەستدەکەن گەمارۆ دراون دەوریان گیراوە. (ئەلیزابێز کانك، 2020: 285).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2-5-1 جۆرەکانی دور و نزیکی لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەران:

بە گشتی چوار ناوچە، یاخود سنور دیاریکراون بۆ دیاریکردنی جۆری پەیوەندی نێوان ئاخێوەران وەکو هێمایەکی نازمانی ئاماژە بە جۆری ئەو پەیوەندییە و بایەخی ئاخێوەران بۆ یەکتر ئاشکرا دەکات. ئەوانیش بریتین لە (ئالن بیز، 2019: 31- 35)، (گەیس و گرۆست، 2020: 196-197)

1- ناوچەی قووڵ (گەرم):

مەودای ئەم ناوچەیە لە (15- 46سم) دایە. گرنگترین مەودایە لە نێو گشت مەودا و ناوچەکانی تری نێوان کەسەکان، چونکە مرۆڤ بە ئاگاییە و پارێزگاری لێدەکات و پاسەوانی دەکات وەك شتە تایبەتیەکانی خۆی، کەسانێك زۆر ئازیز و نزیك نەبن ناتوانن بچنە ئەم ناوچەیەوە، واتە؛ ئەو کەسانەی کە رێگە پێدراون بچنە سنووری ئەم ناوچەیەوە، هاوسەرەکان، خوشك و برا، دایك و باوك، منداڵەکان، هاورێ نزیك و خزمی نزیك، تەنیا ئەندامانی ئەم کۆمەڵە دەتوانن لەم ناوچەیە نزیك بنەوە کەوا لە (15- بۆ 18 سم) درێژ بۆتەوە. هەندێکجار کەسانی تری وەك خاوەن پیشەکان دەچنە ئەم ناوچەیەوە، چونکە ناتوانن کارەکانیان بە جێ بگەیەنن ئەگەر نەچنە ئەم ناوچەیەوە وەکو پزیشکان و پزیشکانی ددان یاخود خاوەن ئارایشگا و قژ رێکخەرەکان.

هەموو کەس بۆی نییە بچێتە ئەم ناوچەیەوە، چونکە هەر کەسێك لە خۆیەوە بچێتە ئەم ناوچەیە دەکرێ شەرفرۆشبێت، یان نیازی هێرشکردنی هەبێت. هەر دەستوەردان و هاتنە ناوەوەیەك بۆ ناوچەی گەرم جۆرێك لە گۆڕانی فسیۆلۆژی لە جەستەدا دروستدەکات، بە جۆرێك دل خێرا لێدەدا، رژێنی (ئەدرینالین) بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز دەبێتەوە خوێنی زیاتر بۆ مێشك دەنێرێت. وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ رووبەڕووبونەوەیەکی چاوەڕووانکراو.

2- ناوچەی کەسیی:

مەودای ئەم ناوچەیە لە نێوان (46- 1،22 مەتر) دایە ئەمە ئەو ناوچەیە، کە لە ئاهەنگ و کۆبونەوە کۆمەڵایەتییەکان لە جەژن و ئاهەنگە فەرمییەکان و چاوپێکەوتنە ئاساییەکاندا تیایدا دەوەستن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3- ناوچەی کۆمەڵایەتی:

مەودای نێوان ئەم ناوچەیە لە (1،22 – 3،6 مەتر) دایە ئەم مەودایە زیاتر بۆ کەسانێك بێگانە، یاخود کەسانی کە پیشەوەرن  و لە کاتی مامەڵە و گفتوگۆدا ڕووبەڕوویان دەبینەوە، وەك خاوەن فرۆشگا و کارمەندی تازە لەسەر کار و ئەو کەسانەی، کە بە باشی نایانناسین... هتد.

4- ناوچەی گشتی:

مەودای ئەم ناوچەیە لە سەروی (3،6 م ) دایە، نمونەی ئەم جۆرە کاتێك خەڵك گوێ لەوانەیەکی گشتی دەگرن. ئەمەش دوریەکی زۆرە لە نێوان جەماوەر و وانە بێژدا. ئەمەش وەکو ئەو دوریەیە، کە لە نێوان ئەکتەر و جەماوەردا هەیە لەسەر تەختەی شانۆ لە کاتی نواندندا.

هۆکاری کەلتوور و دابونەریت کاریگەری لەسەر مەودای ناوچەییەکان هەیە. بۆ نموونە: ئەوروپییەکان مەودایەکی زۆر خۆشەویست و گەرمی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە لە (20- 30 سم) تێپەڕ ناکات لە هەندێك کەلتووری تردا ئەم مەودایە کەمترە، بەڵام ئوسترلییەکان مەودای نێوانیان نزیکەی (46 سم) دەبێت بۆ کەسانی ئاسایی لە شوێنی کارەکانیان و دانیشتنە فەرمییەکان و چاوپێکەوتنە کۆمەڵایەتی و ئاساییەکان.

بەم جۆرە ڕادە و مەودای کەسیی لە هەر تاکێکدا پەیوەستە بە چڕی دانیشتووانی ئەم ناوچەیەی، کە تاکە کەسەکە تیایدا گەورە بووە ئەوانەی لەو ناوچانە گەورە بوون، کە چڕی دانیشتووانیان کەمە ژینگەیەی لادێییان هەیە مەودای کەسیان فراوانترە لەو کەسانەی، کە دانیشتووی شارەکانن و لە شوێنە قەرەباڵغەکانن.

جگە لەمەش هەندێکجار بە شێوەیەکی نەویست و بەخورتی ناتوانی لە ناوچەی قووڵی کەسەکان خۆت بە دور بگری بە تایبەت ئەو کاتانەی لە ناو پاس، یان بەرزکەرەوە (مەسعەد) ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێت، کە شوێنەکە تەسك و قەرەباڵغە. بەڵام ئەو کەسانەی، کە دەیانەوێت پیرۆزی ناوچەکە بپارێزن بە سەیرکردنی پارچە نووسینێك، یان ئەو ڕیکلامەی لەسەر پاسەکان نووسراون، یان خۆ سەرقاڵکردن بە ڕۆژنامە یان کتێبێك، کە بەدەستەوە بێت، یاخود بە سەیرکردنی ژمارەی نهۆمەکان ئەو ئامێرەی، کە ئاماژەی پێدەکات لەناو ئەسانسۆرەکان (مەسعەد) دەتوانیت خۆت سەرقاڵ بکەیت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6-2 وێنە وەك جۆرێك لە هێمای نازمانیی:

زمانی وێنە ئەو زمانەیە، کە خاوەنی توانایەکی بەهێزە لە گواستنەوەی بیر و ڕاکان و گەیاندنی مەبەستی پەیامەکان، کە لە بابەتی وێنەکان و ئەو مەبەستەی، کە لە پشت وێنەکانەوە بە پەنهانی خۆی حەشارداوە ڕەنگدەداتەوە. هەروەها وێنە مەودایەکی فراوان و بەر بڵاوی لە گشت ئاستەکان و بوارەکانی ژیانی مرۆڤ داگیرکردووە. هەر بۆیە وێنە بە جۆرێك لە جۆرەکان هێما دادەنرێت لە کاتێکدا مێژوی وێنە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بوونی مرۆڤایەتی هەروەها بۆ شارستانیەتی کۆنەکان دەگەڕێتەوە کاتێك وێنەیان وەك زمانی ئاخاوتن بەکارهێناوە، بە مەبەستی لە یەکتر گەیشتن و تەنانەت وەك جۆرێك لە نووسین سود لە وێنە وەرگیراوە.

مانای تێگەیشتن لە واتای وێنە و گواستنەوەی ئەو پەیامەی، کە لە بەشێك لەم جۆرە هێمایەدا هەیە وایکردووە، کە وێنە بە فاکتەرێکی زیندوو بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و گرنگی توخمەکانی دیزاین و ئەندازیاری و فۆتۆگرافی دابنرێت ئەمە جگە لەوەی لە چەندین بواری تری وەکو فێرکردن و ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و...هتد سودی زۆری لێوەردەگیرێت، تەنانەت هەندێکجار وەکو جێگرەوەیەك لە جیاتی بابەتێکی سەرەکی تەنیا بە وێنەیەك گوزارشت لە دەقێکی دور و درێژی هەموو ئەو باس و خواسانە دەکات، کە لە پشت وێنەکەدا خۆی حەشارداوە. لەگەڵ ئەوشدا وێنە لە بەکارهێنانیدا نزیکتر و خێراترە لە وەرگرتنی پەیام و زانیاریەکان وەك لە وشە، هەروەها ئاماژەکانی ڕوونتر و بابەتگەلی زیاتر لە خۆیدا کۆدەکاتەوە.

((وێنە لە پەیوەندیکردندا ڕۆلی خۆی دەبێ توانای گواستنەوەی هەیە لە مێشکی کەسێکەوە بۆ مێشکی کەسێکی تر، بەڵام ئەو وێنەیەی، کە قسەکەر و گوێگر لە کاتی ئاخاوتندا بە مەبەستی تێگەیشتن ئاڵوگۆڕی دەکەن ڕێژەییە و ناتوانرێ بە ڕێژەی 100% ، واتا لە ڕێگای وێنەی هۆشەکی بگوازێتەوە، چونکە تێکەڵ بە هەست و بۆچونی کەسی دەبێ)) (عبدولواحید موشیر، 2015: 170).

## 1-6-2 جۆرەکانی هێمای وێنەیی:

### 1- وێنەی فۆتۆگرافی:-

ئەم جۆرە وێنەیە گوزارشتکردنە لە ڕاستی ڕووداوەکان و واقیع دەگوازێتەوە لەبەر ئەوە وێنەی فۆتۆگرافی بریتییە لە وێنەی بابەت و کار و جوڵە و کەسایەتیەکان.

ئەم جۆرە وێنەیە بەرجەستەیە و ڕاستی دەگوازێتەوە وەکو بەڵگەیەك بۆ گواستنەوەی ڕاستی بەکاردێت. (هەمان سەرچاوە: 174)، ئەم جۆرە وێنەیە لە بواری ڕاگەیاندن بە گشتی و لە بواری ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی پشتیپێدەبەسترێت، چونکە خوێندەوار و نەخوێندەوار لێی تێدەگات. چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:-

1- وێنەی هەواڵی.

2- وێنەی بابەتی.

3- وێنەی هەواڵی مرۆڤایەتی.

4- وێنەی کەسی (پۆرترەیت).

5- وێنەی جۆراوجۆر.

وێنە لە بنەڕەتدا پێکهاتووە لە فۆڕم و ناوەرۆك، فۆڕم بریتییە لە گردبوونەوەی هەموو خەسلەتەکانی پانتایی و ڕووبەر و ڕەنگ و ڕووناکی و پێکهاتەکەی بە شێوەیەکی گشتگیر و گەیشتن بە فۆڕمێك، کە ڕووڵەتەکەیەتی، هەرچی ناوەرۆکە بریتییە لە هەموو ئەو هێما و ئاماژە و سیمبولانەی، کە هەڵگری واتای وێنەکەیە و یاخود هەر ناوەرۆکێکی ترە، کە دەبێتە فرەمانایی لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی وێنەکە لە لایەن بینەرەوە. (ckb. M. wikipedeaia.org) لە زمانی وێنەدا پێوەری حوکمدان و بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی زمان و گوتارەکان لە گەیاندنی بیرۆکە و ئاماژەکاندا خۆی دەنوێنێت، کە وێنە بە ناوەرۆکێکی بەرچاو دەیانخاتە ڕوو، یان ئەو واتا شاراوانەی، کە شیاوی شرۆڤەکردنن.

وێنە ئامرازێکی گەیاندنی پەیوەندی نێوان نێرەر و وەرگرە. نێرەری وێنە پێشنیازی ڕوانینێکی بێلایەنانە ناکات بۆ شتەکان، وەرگریش بە پێی ئەزمونی جوانی و ئەندێشەمەندی کۆمەڵایەتی وێنەکان دەخوێنێتەوە، چونکە وێنەکان تەنیا دیالۆگ لەگەڵ هەستی بینیندا سازناکەن، بەڵکو هەست و درکپێکردنی دەجولێنن و پاشخانی سۆز و میهر و لایەنە کۆمەڵایەتیەکان دەورووژێنن، کەواتە؛ تێگەیشتن لە واتای وێنە پەیوەست دەبێت بە ڕۆشنبیری وەرگرەوە، جگە لەمەش تێگەیشتن لە ناوەرۆکەکان و ڕەهەندەکان و شیکردنەوەی هێماکان بە شێوەیەکی ورد و دروست، هەر وەکو زمانی ئاخاوتنی لێدێتەوە و بە پێی ئاستی توانست و ئەزمون و پاشخانی ڕۆشەنبیری و تێگەیشتن لە ناوەرۆکەکان دێتە ئەنجام.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وێنە لە ڕاگەیاندندا لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن وەك بەڵگەیەك بۆ پشتراستکردنەوەی ڕووداو بابەتەکان پشتیپێدەبەسترێت، کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەر دروستدەکات، چونکە وەك ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر دەبن بە شایەت بەسەر ڕووداو بابەتەکانەوە.

وێنەی (عومەری خاوەر)، کیمیا بارانکردنی (5000) هەزار ژن و منداڵ و پیر و پەككەوتە دێنێتەوە یاد، کە تیایدا گوزارشتە لە دڕندەیی و خوێنرێژی کوشتنی بە ناحەقی شۆڤینانەی ڕژێم.

وێنە هەندێکجار ڕاستی ناگوازێتەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە: ڕژێمی عیراق لە ماوەی گەمارۆی ئابوری وێنەی منداڵی مردووی نیشاندەدات، کە گوایە لەبەر نەبوونی داودەرمان مردون، بە مەبەستی وروژاندنی ڕای گشتی و فشار خستنە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ لادانی گەمارۆی ئابوری (عەبدولواحید موشیر، 2005: 163).

بەم جۆرە زمانی وێنە زۆر جار پڕاوپڕ دەبێت لە هێما، لە دونیای بێ ئاگایمان ئاواز و سترانی بیرەکانمان بۆ دەژەنێت بێئەوەی زمان بجولێنین قسەمان بۆ دەکات. بۆ نموونە:-




**2- وێنەی نەخشە:-**

ئەم جۆرە وێنەیە لە شێوەی هێما بەکاردێت و زیاتر لە بواری ئەندازە و جوگرافیا و ماتماتیکدا...هتد بەکاردەهێنرێن، واتایەکی ورد و ڕاستەقینە دەگوازنەوە. (عەبدولواحید موشیر، 2015: 175).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)



پارچە زەوی     پێکهاتەی خانوو     ڕووبەری هەر ژورێك

### 3- وێنەی تابلۆی هونەری:-



لێکدانەوەی واتای ئەم جۆرە وێنەیە بەستراوەتەوە بە هەست و سۆزی هونەرمەندەکە و گوزارشتکردنە لە ناخی، و شیکردنەوەی ئەم جۆرە وێنەیە پێویستی بە زانیاری و شارەزابوونە لە بواری هونەری ئەو بوارەی، کە وێنەکەی لەخۆگرتووە، کەسانی ئاسایی بە ئەستەم لە واتای ئەم جۆرە وێنەیە تێدەگەن. لێرەدا هێما ئەو شتەیە، کە بە ساکاری بە زمان ناگوترێت وێنە دەبێتە کەرەسەیەك بۆ دەربڕینی ئەو قسەیەی، کە لە ناخمان نوستووە و هێزی وتنی بە زمان بەرجەستە ناکرێ.

### 4- وێنەی کاریکاتێر:-



ئەم جۆرە وێنەیە زیاتر بە مەبەستی توانج لێدان و ڕەخنەگرتنە لە شێوەی گاڵتە ئامێز، زۆرجار گوزارشتکردنە لە کەموکوڕی و نەهامەتی کۆمەڵگا و لایەنە شاراوەکانی.

### 5- وێنەی جۆراوجۆر:-



ئەم جۆرە وێنەیە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت. نمونەی ئەم جۆرە وێنەیە زۆر بابەت لەخۆدەگرێت، وەکو: وێنەی دار و درەخت، وێنەی وەرزشی، دیمەنی سروشتی، شانۆگەری، بیناسازی، باڵندەکان، منداڵان و وێنەی بە کۆمەڵ...هتد.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

 

**6- وێنەی هێمایی: -**

نمونەی ئەم جۆرە هێمایە وەکو هێماکانی هاتوچۆ وقەدەغەی جگەرە کێشان وهێمای شوێنی مین ڕێژکراو...هتد.






جگەرە کێشان قەدەغەیە

7-2 هێماکانی ڕێگا و بان و هاتوچۆ وەك جۆرێك لە هێمای وێنەیی:

بەکارهێنانی هێماکانی هاتوچۆ لە زۆربەی کۆمەڵگاکان وەکو یەکە بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم جۆرە هێمایانە بە هێمای جیهانی دادەنرێن. بە گشتی هەموو کۆمەڵگای جیهانییان لەسەر ئەوە کۆکن وا ڕاهاتوون، کە ئەم هێمایانە بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێنن، کە بۆیان دانراون.
هێماکانی هاتوچۆ بەشێکیان هێمای نازمانین، بەڵام بەشێکی تریان هێمای زمانین، چونکە لە ڕێگای کورتکردنەوە (ئەکرۆنیم) دروستدەبن، بۆ نموونە به واتای پارککردن دێت، بەڵام بە گشتی هەموو ئەم هێمایانە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ و دورخستنەوە لە مەترسی ڕووداو و پێشهاتەکان هاتوونەتە کایەوە، هەر لەبەر ئەمەشە بە گشتی لە هەموو کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان هەمان جۆر هێما بەکاردێن بۆ هەمان مەبەست.
هێماکانی هاتوچۆ بەشێکیان بە پیتی (A.B...) ئینگلیزی نووسراون، ئاماژەن بۆ شوێن، بەشێکی تریان ژمارەیان لەسەرە هەندێکیان نووسین و هەندێکیان بە وێنە ئاماژە و مەبەستەکان ڕووندەکەنەوە، بە گشتی هێماکانی هاتوچۆ خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکن لەوانە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- هێماکانی هاتوچۆ لەیەك کاتدا هەم نێرەرن هەم پەیام (ئاوات ئەحمەد، 2020: 10)
2- هێماکانی هاتوچۆ بەشێکیان هێمای زمانین و بەشێکی تریان هێمای نازمانین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هێما نازمانییەکان مەودایەکی فراوانتریان هەیە.
3- لە بەکارهێنانی هێماکانی هاتوچۆدا ڕەنگی سەرەکی ڕەنگی سورە، ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگەکانی شین و سەوزیش بەکاردێ، بەڵام بە گشتی ڕەنگی سور زیاتر پشتیپێدەبەسترێت. ئەمەش دەکرێت لەبەر ئەوە بێت، کە ڕەنگی سور ڕەنگێکە ئاماژەی مەترسیدار لە خۆیدا بەرجەستە دەکات، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە لە ڕووداو و کارەسات و پاراستن و سەلامەتی بەکاربهێنرێت.
4- هێماکانی هاتوچۆ تێگەیشتن لێیان ئاسانە و زۆربەی خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیانتێدەگەن، بەڵام بەشێکیان هەیە، کە تەنیا کەسانی پسپۆری بوارەکەی خۆیان لێیتێدەگەن.
5- هێماکانی هاتوچۆ بە ڕێگایەکی باشی ئابوری زمان دادەنرێن، چونکە تەنیا یەك هێما چەندین زانیاری لە خۆیدا کۆدەکاتەوە، بەشێك لە زانیارییەکان لە خودی هێماکەوە وەردەگیرێن بەشێکی تریان بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر دەستدەکەوێت. (هەمان سەرچاوە)
6- هێماکانی هاتوچۆ، لەگەڵ ئەوەی کردەی ئاخاوتن دەگرنە ئەستۆ لە هەمان کاتدا بە شێوەی فەرماندان ڕەفتار دەکەن، چونکە بە جێبەجێنەکردنیان و سەرپێچیکردنیان شوفێر ڕووبەڕووی ڕووداوی نەخوازراو و هەندێکجار پێبژاردن دەبێتەوە.

2-8 شیکردنەوەی هێماکانی ڕێگا و بان و هاتوچۆ:

### 2-8-1 هێماکانی ورياکردنەوە:-

ئەو هێمایانە دەگرێتەوە، کە بە مەبەستی ئاگادارکردنەوە و لە شوێنی پێویست دا دەنرێن. تاوەکو شوفێر زانیاری هەبێت لەسەر پێشڕەویکردن و واتە؛ ئەوەی، کە لە پێشەوە دێتە سەر ڕێگاکەی چییە؟ بۆ زیاتر وریابوون و بەئاگابوون تاوەکو توشی ڕووداوی نەخوازراو نەبن، ئەو هێمایانە بە سێگۆشەیەك، کە لێوارەکانی بە ڕەنگی سور و هێماکەش بە ڕەنگی ڕەش وێنەی بۆ کراوە گوزارشت لە مەبەستەکانیان دەکەن. لەوانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


هاتوچۆی ڕوویەڕوو لە پێشەوە


شوێنی پەڕینەوەی پیادە لە پێشەوە

## 2-8-2 هێماکانی قەدەغەکردن: -

ئەم جۆرە هێمایانە دەگرێتەوە، کە فەرمان بە سەر وەرگردا دەکات بۆ پابەندبون پێیانەوە. لێرەدا هێماکان ڕۆلی نێرەر دەبینن و فەرمانەدەکەن بە ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدانی کارێك ئەگەر وەرگر لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان کەم تەرخەم بو، یاخود جێبەجێینەکرد دەکرێت توشی زیانی مادی، یاخود معنەوی بێت، زۆربەی جار ئەم هێمایە لە شێوەی بازنەیەك دایە و بە هێڵێکی سور دەور دراوە هێماکە بە ڕەنگی ڕەش وێنەی کێشراوە و هێڵێکی سور بە سەر هێماکە کێشراوە وەك نیشانەیەك بۆ قەدەغە کردن.


ڕاوستان و پارککردن قەدەغەیە


لێخوڕینی پاس قەدەغەیە

## 3-8-2 هێماکانی پێشڕەوی پابەندەکان: -

ئەو هیمایانە دەگرێتەوە، کە نێرەر ئاڕاستەی وەرگریدەکات، پێویستە لەسەر وەرگر پابەندیان بێت.



ئەوپەڕی خێرایی مۆڵەتپێدراو



ڕاوەستان بۆ پشکنین و کۆنترۆڵکردن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4-8-2 هێماکانی ئاڕاستەکردن: -

ئەم هێمایانە دەگرێتەوە، کە زۆربەی جار ئاڕاستەی ڕێگا و بان بۆ شۆفێر ڕووندەکەنەوە، کە پێویستە بە کام ئاڕاستەدا پێشڕەوی بکات، ئەم هیمایانە بە شیوەی بازنەی هێڵی سپی و ناو بازنەکە بە ڕەنگی شین و هێماکە بە ڕەنگی سپی وێنەی بۆ کراوە. لەوانە:


تەنیا بەلای چەپی ئەم هێمایەدا برۆ


ئاراستەی جولانەوە لە فولکەدا

### 5-8-2 هێماکانی خزمەتگوزاری:-

ئەم جۆرە هێمایە بوونی خزمەتگوزاری دەگرێتەوە لە شوێنەکان کاتێك هێماکان لەسەر ڕێگا و بانەکان دادەنرێن هەڵگری مەبەستی جیاوازن لە بوونی خزمەتگوزاری لەو شوێنەدا لەوانە:


خواردنگە (ریستورانت)


کابینەی گەشتوگوزار

### 6-8-2 هێماکانی گڵۆپی داشبوڵ لەناو ئۆتۆمبێل:-

بۆ تێگەیشتن لە هێماکانی ناو داشبوڵی ئۆتۆمۆبێڵ پێویستە هێماکان وەربگێڕینە سەر وشە، چونکە هەر هێمایەك سەرەتای دروستبوونی لە وشە و ڕستەوە هاتووە، پاشان کراون بە هێما. بە هۆی ئەوەی هێما ڕێگایەکی کورت و پوختە لە تیگەیشتنی واتادا، ئەمەش سودی خۆی هەیە لە ڕووی بە ئابوریکردن و لە لایەکی تریش دەکرێت خوێندەوار و نەخوێندەوار لێیتێبگات دوای ڕوونکردنەوەی هەریەك لە هێماکان. لەوانە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- بوونی کێشە لە بزووێنەری ئۆتۆمبێلدا، ئەم هێمایە کاتێك چالاك دەبێت، کە کێشەیەك لە بزووێنەردا هەبێت جا خراپی بەنزین یان هەر شتێکی تر بووبێتە هۆی دروستبوونی ئەم کێشەیە.



2- کرانەوەی بۆنیت، ئەم هێمایە کاتێك چالاك دەبێت کاتێك بۆنیت بە تەواوی دانەخرابێت، یاخود لە بیرمان چوبێت دایبخەینەوە بە تەواوی.



## ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە

1- پڕۆسەی پەیوەندیکردن پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕکردنی واتا لە ڕێگای هێماکانەوە، لەناو ئەمانیش هێما نازمانییەکان ڕۆلیکی بەرچاو و گاریگەر دەگێرن بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەم پڕۆسەیە.
2- ئەوەی کار لەسەر پڕۆسەی پەیوەندیکردن دەکات لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، شارەزایی لە کەلتوور و دابونەریتەکانە...هتد، کە ڕۆلیان لە بەڕێوەبردنی پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی هەیە.
3- هەر چەندە هێما زمانییەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی واتا لە ڕێگای ئەم هێمایانەوە تاك توانای پەیوەندیکرنی بە دەوروبەریەوە کارا دەبێت درك بە مەبەستەکانی خۆی دەکات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هێما نازمانییەکان بە تەواوکەری ئەم پەیوەندییە دادەنرێن.
4- پارازمانیی، کە ئاوازەی دەنگ و هێما و ئاماژە جەستەیەکان...هتد دەگرێتەوە ڕۆلێکی گرنگ دەگێرن لە گەیاندنی واتای دەربڕینە نازمانییەکان بە جۆرێك بە ڕێژەی (93%) پرۆسەی گەیاندنی مرۆڤ لە ڕێگای دەربڕینە نازمانییەکانەوە دەبێت.
5- وێنە وەك جۆرێك لە هێمای نازمانیی لە بەکارهێنانیدا نزیکتر و خێراترە لە وەرگرتنی پەیام و زانیارییەکاندا وەك لە وشە، هەروەها بابەتگەلی زیاتر لە خۆیدا بەرجەستە دەکات.
6- ئاوازەی دەنگ لە دوای قسەکردن کاریگەرترین شێوەی ئاماژەکردنی مرۆڤە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان:

<u>بەزمانی کوردی:</u>

1- ئەمین، وریا عمر (2004)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر.
2- ئەمین، محمد (2007)، زمانی جەستە- درۆ و هێماکانی درۆکردن، چاپخانەی ئاوێنە.
3- بیز، ئالن (2019)، زمانی جەستە- وەرگێرانی سەلاح سعدی، چاپی دوەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.
4- بیز، ئالن (2020)، زمانی جەستە- چۆن لە ڕێگای ئاماژەکانەوە بیری بەرامبەر دەخوێنیتەوە، وەرگێرانی دانا نادر محەممەد، چاپخانەی کەنج-سلێمانی.
5- دزەیی، عبدالواحید موشیر (2005)، ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
6- دزەیی، عبدالواحید موشیر (2015)، زانستی سیمانتیك، چاپی یەکەم، هەولێر.
7- ڕەفیق، هاوکار (2020)، هونەر و ئەتەکێتی گفتوگۆکردن، چاپی دوەم، سلێمانی.
8- عثمان، شیلان (2009)، کارابوونی زمان لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، چاپی یەکەم، هەولێر.
9- کۆیی ، جان تۆماس (1998)، ڕەزمەکانی مۆسیقای کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشەنبیری، هەولێر.
10- کانك، ئەلیزابیز (2020)، زمانی جەستە- هێزێك بۆ زیادکردنی لێهاتوی کۆمەڵایەتی، وەرگێرانی: شەپۆل مامەش، سلێمانی.
11- گەیس و گرۆست، 2020، زمانی جەستە- وەرگێرانی هێمن ئەحمەد، سلێمانی.
12- گلاس، لیلیان (2018)، چۆن بیری خەڵك دەخوێنیتەوە، وەرگێرانی شێرزاد موکریانی، چاپخانەی کەنج، سلێمانی.
13- محوی، محمد (2009)، زانستی هێما، بەرگی یەکەم، سلێمانی.
14- معروف، محمد (2011)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.
15- موسا، عبدولوەهاب خالید (2009)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژورودا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.
16- ناڤارۆ، جۆی (2019)، زمانی جەستە- خەڵکی چی دەڵێن؟، ورگێرانی سەروەر نامیق، چاپخانەی تاران.
17- ئەبوبکر، شنە (2008)، زمانی جەستە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین.
18- ڕەمەزان، ئازاد (2005)، بنەما زمانیەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا، نامەی دکتۆرا- کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

19- عبدالرحمن، دەرون (2014)، ڕۆڵی زمان لە ئاڕاستەکردنی لایەنی دەروونی تاکدا نامەی دکتۆرا، سکولی زمان- زانکۆی سلێمانی.

20- کمال، ساکار (2013)، کاریگەری دەنگ و گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان-زانکۆی سەلاحەددین.

21- ئەحمەد، ئاوات (2019)، شیکردنەوەی هێماکانی هاتوچۆ هەندێ هێمای تر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری قەڵای زانست.

<u>بە زمانی عەرەبی:</u>

1- الحمداني، موفق (2004)، علم النفس اللغة في المنضور معرفي، دار الميسرة، الاردن.

2- الصيرفى، محمد (2006)، ألاتصالات ألادارية، مؤسسة حورس الدولوية، ألاسكندرية.

3- سيريل، جون (2000)، العقل واللغة والمجتمع (الفلسفة في العالم الواقعى). ت: سعيد الغانمى، 2006، الدار العربية للعلوم، بيروت.

4- ليلى، سهيل (2010)، التنضيم وأثره في ألاختلاف المعنى و دلالة سياق، مجلة كلية ألاداب و العلوم ألانسانية و ألاجتماعية، العدد سابع، جامعة محمد خيضرة، سكرة.

<u>بە زمانی ئینگلیزی:</u>

1- David crystal and Randolph quirk (1964), systems of prosodic and para linguistic features in English, The Hague: mouton.

2- Mastarson, J . (1933) speech communication, United state of America. Holt, Rinehart and Winston.

3- Person, J, Nelson. P, Titsworth, s. and Harter, L. (2003) Human communication, Mc Graw-Hill higer. Education.

4- Trask, R. L. (1993). A. Dictionary of Gramatical terms in linguistics. New York. Routledge

<u>ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی:</u>

1- Ckb.M. Wikipedeaia.org

2- Kosalan, Blogfa.com

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی (٦) – ژمارە (٤)، پاییزی ٢٠٢١

ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# Non-Linguistic Signs in Communication

**Dastan Sabr Mama**

Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Dastan_sabr1988@yahoo.com

**Prof. Abdullah Hussein rasool**

Department of Kurdish, College of language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

abdulla.raswl@su.edu.krd

**Keyword**: *Communication, non-linguistic signs, tone, body language, para linguistic*

## Abstract

The Human language is a measure of signs, and non-linguistic signs, as one of the most prominent components of semiotics, have given a great deal of attention to all signs which makes the basis of human communication. This research deals with non-linguistic signs in communication, a topic that is vital for 93% of individuals use signs in their interactions. Communication via non-linguistic signs is one of the oldest means of communication. For example, a child's cry, which is a non- linguistic sign, is the first means a human being uses. Using linguistic signs have had an important role in different modes of communication in society. However, non- linguistic signs play only a supplementary role in communication.

This research consists of two chapters: The first chapter discusses the process of communication and the basis of communication. It also deals with the non-linguistic signs and the purpose behind using them. The second chapter is dedicated to the types of non-linguistic signs, and embarks of such topics as paralinguistic elements, e.g., tone, silence, pause, body language, the remoteness or closeness of the interlocutors, and picture as a kind of non-linguistic signs in communication. The

research end with the conclusions and the list of the references consulted throughout the whole work.

## الأشارات الغير اللغوية في عملية الأتصال

### الملخص:

لغة الأنسان تتكون وتعد من تعابير ومنهج للأشارة، الأشارات الغير اللغوية تعد واحدة من أبرز أدوات علم الأشارة، تهتم بالبنيان المكون لكل تلك العلامات التي تنشيئ مصادر وعمليات مابين البشر. هذه الدراسة تبحث وتتناول موضوعة الأشارات الغير اللغوية في عملية الأتصال، على أعتبار إن هذه الأشارات الغير اللغوية قد أحتلت حيزا كبيرا في الحياة اليومية للبشر، بحيث أن 93% من الناس يستخدمونها في عملية التواصل، فالأتصال من خلال الأشارات غير اللغوية، تعد واحدة من أقدم أساليب الأتصال ما بين البشر، والدليل على ذلك إن الطفل يولد من خلال البكاء، الذي تعد من الأشارات الغير اللغوية، تعبر من أحتياجاته. بالرغم من إن للأشارات اللغوية تأثير بالغ في المجتمعات الأنسانية، حيث ان الفرد قد تمكن من خلالها، من تفعيل علاقته بالبيئة المحيطة به، ولكن بجانب ذلك فأن الأشارات الغير اللغوية عدت مكملة لتلك العلاقات.

هذا البحث يتكون من فصلين: في فصل الاول، تحدثنا عن عملية ومبادئ الأتصال. كذلك تطرقنا الى الأشارات الغير اللغوية في عملية الأتصال، والقصد من أستخدام الأشارات. أما الفصل الثانى من هذا البحث. فقد خصصناه للبحث عن أصناف وأنواع الأشارات الغير اللغوية، والذي يشمل العديد من المواضيع من قبيل، اليارا اللغوي كأحدى فروع اللغة في الأتصال الغير اللغوى، ألحان الصوت، الصمت والتوقف، لغة الجسد، تقارب وتباعد المتكلمين، كذلك الصورة كأحدى أصناف الأشارات الغير اللغوية فى عملية الأتصال. وفي الأخير فان البحث يحتوي على جملة من الأستنتاجات التي توصلنا اليه من خلال الدراسة.